# سۆڤیەتەکان و کۆمیتەکانی کارخانە لە شۆڕشی ڕوسیەدا

Peter Rachleff*

و. لە فارسی‌یەوە: هەژێن
http://hezhean.blogspot.com

توانای پەرەسەندنی شۆڕشی ڕوسیە لە ١٩١٧ – ١٩٢١ بەهۆی تێگەیشتنی ڕێکخراوە سیاسیەکانەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئامانج و فراوانی گروپە کۆمەڵایەتیە چالاکەکانەوە دیاریکرا. لە کاتێکدا کە تەواوی خەڵک لەدەمی شۆڕشکردندا لە یەک ئامانجی سیاسی واتە هەڵوەشاندنەوەی سەرکوتی تزاریدا بەشداربوون، بەڵام چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و گرووپەکانی نێو ئەم چینانە، داخوازی جیاواز و لێکجیایان هەبوو. بۆرژوازی فرە لاواز و بچووک بەپێی سروشتی خوازیاری هەلومەرجێک بوو، کە توانای گەشەکردن بە سەرمایەداری رووسی بدات. وەرزێران، زۆرینەی هەرەزۆری خەڵک، کە ناچاربوون لە کێڵگەی زەویدارە گەورەکاندا کار بکەن و لە بۆ پارچە زەوییە بچووکەکانیان سوودێکی لەرادەبەدەر بدەن، خوازیاری دەستبەسەرداگرتنی زەوییە گەورەکان پێکهێنانی سیستەمی کێڵگەی تایبەتی بچووک بوون. لە لایەکیترەوە، کارگەران، لە ڕووی چەندایەتییەوە کەم و کۆوەبوو لە ناوچە شارییەکانی ڕوسیەی ئەوروپایی، کە لەگەڵ هەقدەستی کەم، نامسۆگەری ئابوری و هەلومەرجی ترسناکی کاردا ڕووبەڕوو بوون؛ پرسگەلێک کە جۆرێک لە سۆشیالیزەکردنی پێشەسازی و «کۆنترۆڵی کارگەری» ناڕۆشنی پێویست دەکرد.

ئەم ئامانجانە لەگەڵ یەکدیدا نەگونجاو بوون. بێجگە لە ململانێی ئاشکرای نێوان کارگەران و بۆرژوازی. تەنانەت لە ئەگەری دەستراگەیشتن بەم ئامانجانەدا، کەرتی کشتوکاڵی کە سەرمایەدارانە ڕێکخرابوو، نەیدەتوانی لەگەڵ کەرتی بچووکتری پێشەسازی کە سۆشیالیزە کرابوو بگونجێ. هۆی ئاستی نزمی بەروبوومی کشتوکاڵ، نەک تەنیا (کشتوکاڵی بچووکی بازاری) پێگەیی نەگونجاوی بۆ پەرەسەندنی پێشەسازی ئامادە دەکرد، بەڵکو ناجێگیرییەکی زاڵ ساڵ بە ساڵ دەبووە ڕێگری بەرنامەڕێژی ئابووری.

ئامانجە سیاسییە هاوبەشەکانی چینە گەورە کۆمەڵایەتییەکان دەیانتوانی بیننەدی. بەڵام نەک تەنیا ئامانجی ئابووریان لەتەک یەکدی نەدەهاتنەوە، بەڵکو هیچکام لەو ئامانجانە نەیاندەتوانی وەک بنچینەی ڕێکخراوەیی بۆ تەواوی کۆمەڵگە پێبنێنە کارەوە. کۆمەڵگەیەک کە لەسەر ئارەزوو و پێداویستییەکانی کارگەران ڕێکخرابێ، بەپێی ڕێوشوێنی کەمایەتی بوونی کارگەران لە دووردەستدا بوو. ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە لەگەڵ لاوازی بۆرژوازی و وابەستەیی بە دەوڵەت، بێسەرەوبەرەیی، هەژاری، نەخوێندەواری وەرزێران و بەکورتی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستهێنراو لەلایەن پارتی بۆلشەڤیکەوە پاش ساڵی ١٩١٧، ئابووری بازاری سەرمایەداریش لە توانادا دەرچووبوو.

"سیاسەت" و "ئابووری" دوو دیاردەی لێکدابڕاو نین، بەڵکو لایەنی جۆراوجۆری پەیوەندییەکانی دەسەڵاتن لە کۆمەڵگەدا. پرسی شێوازی سیاسی، بەرجەستەبووی کردەی شۆڕشگێڕی بوو، کە لەلایەن یەکێک لە گرووپە خەباتکارەکانی ناو مەیدانەوە، بە بەدەستهێنانی هێزی کۆمەڵایەتی و ئابووری، یەکلادەکرایەوە . لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان، ئەم کارە نە لەلایەن بۆرژوازی، نە وەرزێران و نە پڕۆلیتاریاوە؛ بەڵکو لەلایەن بەشێک لە ڕۆشنبیرانەوە کە ئەندامی پارتی کۆمونیست بوون ئەنجامدرا. کاری مەزنی بۆلشەڤیکەکان ئەمە بوو، کە توانییان بە ملکەچ پیکردنی ئابووری بۆ مەیدانی سیاسی، کە لەلایەن خۆیانەوە کۆنترۆڵ دەکرا، سەرخانێکی

تازەی کۆمەڵایەتی دیاری بکەن. ئەمە لەڕێگەی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن ئەوانەوە وەک چینێکی فەرمانڕەوا بەسەر سەرمایەداران، وەرزێڕان و کارگەراندا، بەدیهات. بەرلەوەی کە ئەوان بە ڕێکخراوەی پارتی و سواربوونی شەپۆلەکانی شۆڕشی جەماوەری بۆ ئەم مەبەستە سەرکەون، کارگەرانی ڕوسی توانییان چەندین شێوازی خەبات و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵایەتی بپەروەرێنن، کە گرنگیان واوەتر لە سنوری شوێن و کات بوو، کە ئەم شێوازانەیان تێدا سەرهەڵدرا. ئەم وتارەی خوارەوە بە شێوەیەکی کورت مێژووی دوو جۆر ئامراز – سۆڤیەتەکان و کۆمیتەکانی کارخانە – تاوتوێ دەکات؛ ئامرازگەلێک کە بۆ شۆڕشگێڕەکانی ئەوڕۆ مەزنترین گرنگیان هەیە.

پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ڕوسیە بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم، شێوەیەک لەوەی، کە ئەوڕۆکە لە زۆربەی وڵاتانی پەرەسێندا بوونی هەیە، لە خۆ گرتبوو. نزیکەی تەواوی پیشەسازی لەژێر کۆنترۆڵی سەرمایەی دەرەکیدا بوو و لە چەند ناوچەیەکی شاری چڕ بووبووەوە. سەرەڕای ئەوەی کە چینی کارگەر لەبەراورد بە تەواوی دانیشتوان لەرادەبەر کەم بوو (خەملاندنی بە ١٠% لەلایەن ترۆتسکی‌یەوە بەرزترین سەرژمێرییە)، پیشەسازی – بەپێی چینی کارگەر- زۆر چەقبەستووتر بوو. زۆربەی کارخانە گەورەکان، لەهێڵە مۆدێرنەکانی بەرهەمهێنانی ئەو کاتدا چەقیان بەستبوو. چینی کارگەر لە سێ دەهەی پێش شەڕدا بەخێرایی گەشەی کردبوو؛ لە سەروبەندی سەرەتای سەدەی نوێدا بەدواوە هەستێکی چینایەتی بەخێرایی پەروەردە دەبوو.

لە ماوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کارگەرانی پیشەسازی ڕوسی بەزۆری تەنیا بەشێک لە ساڵیان لە ناوچە شارییەکاندا بەسەر دەبرد و خەرجی ژیانیان بەکارکردن لە کارخانەکاندا دابین دەکرد. بەشەکەی تری ساڵیان بە کارکردن لەسەر زەوی، لە گوندەکانی پێشتریان دەگوزەراند و پەیوەندییە سەرەکییەکانیان لەگەڵ چالاکییە کشتوکاڵی و ژیانی گوندنشینیدا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، پەرەسەندنی خێرای پیشەسازی بۆ هەژمارێکی هەرچی زۆرتری کارگەران، کارکردنی ساڵانەی دەستەبەر کرد. کارگەران لەگەڵ خێزانەکانیان بە دابڕان لە پەیوەندییە دێهاتییەکانی پێشتری خۆیان شوێنیان بۆ ناوچە شارییەکان گواستەوە. لەنێوان ساڵەکانی ١٨٨٥ و ١٨٩٧ دا دانیشتوانی شارنشین ٣٣،٨% و دانیشتوانی مۆسکۆ بۆ نموونە ١٢٣% گەشەی کرد.[1] ئەم خەڵکانە وەک سەرەتایەک دەستیان کرد بە بیرکردنەوە بەوەی کە وەک کارگەر لە خۆیان بنواڕن، نەک وەک وەرزێڕ کە بەشێک لە ساڵیان لە کارخانەکاندا کاریان دەکرد. چیتر گرفتەکانیان لە شێوەی قەرزاری بە خاوەن زەوییەکان و وابەستەبوون بە کشتوکاڵەوە نەبوو، بەڵکو گۆڕابوون بە کرێیکار (هەقدەست) و هەلومەرجی کار و نرخی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان. لەوێوە کە دابەشکاری لەنێوان کارگەراندا دیاریکراو بوو و زۆربەیان لەگەڵ پرسگەلی وەک یەک ڕووبەڕوو بوون، لەدەستدانی سونەتی پێشەوەری یارمەتی ئەم هەستە گەشەسێنە تازەیەی هۆگربوون بە چینی کارگەرەوە، دەدا. کارگەرانی تێکەڵوپێکەڵ کراو لەگەڵ یەک لە کارخانە گەورەکاندا و بەژیانیان لەتەک یەک لە ناوچە خێرا پەرەسێنە شارییەکاندا، دەرکیان بەوە کرد، کە لە پرسگەلێکی فرە تاییەتدا هاوبەشن، کە لەگەڵ پرسگەلێک کە لەژیانی پێشووتری گووندنشینیاندا هەیانبوو، بەتەواوی جیاوازن. لەم ڕێگەوە هەستی چینایەتی تازە هاوشانی پیشەسازی ڕوسیە گەشەی کرد.

ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٠٥یش بەهۆی ئەم هەستە چینایەتییەوە سەریان هەڵدا و هەم پاڵپێوەنەریان بوو. زیاتر لە ١٠٠،٠٠٠ کارگەری کارخانە لە سانکت پیتەرسبۆرگ (Sankt Petersburg) لە مانگی جێنیوەری ئەو ساڵەدا دەستیان بە مانگرتن کرد. چەند ڕۆژ دواتر، کارگەران و خێزانەکانیان، بە ناڕەزایەتی بە بارودۆخی کارخانە و نەبوونی نوێنەرایەتییان، داواکارییەکیان خستەبەردەم تزار (قەیسەری ڕوسیە) و داوایان لیکرد تاوەکو گرفتەکانیان کەمکاتەوە و ئەنجومەنێکی دامەزرێنەرانیان پێ ببەخشێت. لەلایەن سەربازانی «تزار»ەوە لەبەرامبەر کۆشکەکەیدا، تەقە لە خۆپیشاندەران کرا. مانگرتنی جەماوەری لە تەواوی شارە پیشەسازییەکانی

وڵاتدا پەرەی سەند و زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە خەڵکی لە ماوەی دوو مانگدا تێیدا دەرگیر بوون، کە لانیکەم ١٢٢ شار و ناوچەی گرتەوە. [2] سەرەڕای سەرکوتێکی توند، مانگرتنەکان، خۆپیشاندانەکان و کۆبوونەوەکان بەشێوەیەکی ناوبەناو لە مانگەکانی بەهار و هاویندا درێژەیان هەبوو. کارگەران بۆ ڕێکخستنی مانگرتنەکان کۆمیتەگەلێکیان لە ناوچە شارییەکاندا هەڵبژارد. [3]

لە ناوەڕاستی مانگی سێپتەمبەردا، کارگەرە تایپگەر (typesetters) و چاپگەرەکان لە مۆسکۆ دەستیاندایە مانگرتنێکی سەرتاسەری پیشەسازی. زیاتر لە پەنجا کارگە لەکارکەوتن. کارگەرانی پیشەسازییەکانی تری ئەم شارە لە هاوپشتی لەگەڵ کارگەرانی تایپگەر دەستیانکرد بە دەست لەکارکێشانەوە. لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا کارگەرانی تایپگەر لە سانکت پیتەرسبورگ بۆ نیشاندانی هاوپشتی لەگەڵ هاوڕێ کارگەرە مۆسکۆیەکانیان دەستیان دایە مانگرتنیکی سێ ڕۆژە. لە کۆتایی هەفتەی یەکەمی مانگی ئۆکتۆبەردا کارگەرانی هێڵی شەمەندەفەر لە سەراپای ڕوسیەی ئەوروپایی بڕیاری مانگرتنیان دا و بە بانگەواز بۆ مانگرتنی گشتی سەرتاسەری، خوازیاری هەشت کاتژێر کاری ڕۆژانە، ئازادییە گشتییەکان، لێبوردنی گشتی و ئەنجومەنی دامەزرێنەران بوون. مانگرتن لە تەواوی ناوچە شارییەکان دەستی بە پەرەسەندن کرد و لە ڕاگرتنی تەواوی چالاکییەکانی بەرهەمهێنان لە ڕۆژی دوازدەهەمدا سەرکەوتوو بوو، بە هێڵانەوەی ئەوانەی کە بۆ سەرکەوتنی مانگرتنەکە پێویست بوون، لەوانە چاپخانەکان، ئەو شەمەندەفەرانەی کە نوێنەرانی کارگەرانیان هەڵگرتبوو و هیتر. حکومەت بە سازش و سەرکوت وەڵامی ئەم مانگرنەی دایەوە.

لە ڕۆژی دەهەمی مانگی ئۆکتۆبەرەوە کارخانەکانی سانت پیتەرسبۆرگ، دەستیانکرد بە ناردنی نوێنەران بۆ کۆبوونەوەگەلێک، کە بڕیار بوو ببنە سۆڤیەت (شورا). لەسەرەتادا، لە ٣٠ تا ٤٠ نوێنەرلەم کۆبوونەوانەدا بەشدارییانکرد. لە سیازدەی ئۆکتۆبەردا، بانگەوازییان بۆ مانگرتنی گشتی سیاسی کرد، واتە بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەران و ماف و ئازادییە سیاسییەکان؛ داوایانکرد کە تەواوی کارخانەکان نوێنەرانی خۆیان بنێرن. کارگەران بنچینەی ئەم نوێنەرایەتییەیان کە لەسەر بنەمای شوێنی کار بوو، دەرک کرد. لە ناردنی نوێنەرانی کارخانەکان بۆ لێژنەی (کۆمیسیۆن)ی شیدلۆڤسکی «Shidlovski» (کە لە بارودۆخی کارخانەکانی دەکۆڵییەوە) و هەروەها کۆمیتەکانی مانگرتن کە ٩ مانگ بەر لەمە پێکهاتبوون، دەکرا ئەزموونگەلیک بەدەست بێن. ئانڤایلەر (Anwiler) دەنووسێت :

کاتێک کە شەپۆلی مانگرتن مۆسکۆ تا سانت پیتەرسبۆرگ ی گرتەوە و کاتێک کە لە ١١ی ئۆکتۆبەردا یەکەمین دەستە کارخانە لە کار ڕاگیران، کارگەران بەخۆیان هەستیان کرد کە پێویستیان بە کۆبوونەوە هەیە تاوەکو پێکەوە و هاوبەش بڕیار بدەن کامە ڕێچکە بگرنەبەر. بۆ ئەم مەبەستە بوو کە لە کارخانەگەلێک دا نوێنەران هەڵبژێردران – لەوانە پوتیلۆڤ (Putilov) و ئۆبوخۆڤ (Obukhov) و کارخانەکانی تر –، لەم نوێنەرانە، زیاتر لە کەسێکیان ئەندامی کۆمیتەی مانگرتن یا نوێنەرانی پێشتر لە لێژنەی شیدلۆڤسکی بوون. [4]

کارخانەگەلی فرەتر نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد. لە ماوەی سێ ڕۆژدا، ٢٢٦ نوێنەر، نوێنەرایەتی ٩٦ کارخانە و کارگەیان دەکرد ( لەسەر بنچینەی، یەک نوێنەر بۆ هەر ١٠٠ کارگەریک لە کارخانەیەکدا) هەڵبژێردران. بڕیار درا کە مۆڵەتی بەشداریکردن بە نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان (بۆلشەڤیکەکان Bolsheviks، مەنشەڤیکەکان Mensheviks، سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان Social-Revolutionaries)یش بدرێت. لە ١٧ی ئۆکتۆبەردا، ئەم دەستەیە نێوی « سۆڤیەتی نوێنەرانی کارگەران Soviet of Workers' Deputies»ی لەسەر خۆی دانا و کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەری کاتی لە ٢٢ ئەندام هەڵبژارد ( دوو کەس بۆ هەر یەک لە حەوت ناوچەکەی شار، دوو کەس بۆ هەرکام لە چوار یەکێتییە زۆر گرنگەکان)، هەروەها بڕیاری دا کە ڕۆژنامەی خۆی بە نێوی « هەواڵی سۆڤیەتە کارگەرییەکان News from the Soviet of Workers» بڵاوکردەوە. سۆڤیەت کە

سەرەتا هیچ ئەرکێکی تری بێجگە لە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی مانگرتنەکان لە ئەستۆ نەگرتبوو، لەماوەی چەند ڕۆژێکدا، خۆی گۆڕی بە ئۆرگانی نوێنەرایەتی گشتی و سیاسی کارگەران لە نێوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی چینی کارگەر لە پایتەختدا. بە خێرایی گۆڕا بە «پارلەمانی کارگەران»، کە تێدەکۆشا تاوەکو تەنانەت پاش کۆتاییهاتنی مانگرتنەکان لە کۆتایی ئۆکتۆبەردا هەروا بمێنێتەوە. بەپێی وتەی ئانڤائلەر " ئەم ئاڵوگۆڕە نە بەمەبەستەوە و نە لە هوشیارییەوە سەری هەڵدا. بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە پاش ئەوەی کە لە لووتکەی خۆیدا سۆڤیەتی هێنایەدەرەوە، بە توندییەکی لە ڕادەبەدەرەوە خرۆشا و ئۆرگانێک کە ئافەراندبووی، لە ڕەوتی خۆیدا هاوڕایی کرد."[5] سۆڤیەت لەسەر بنەمای پێداویستی پێکهاتبوو - پێداویستی ڕێکخستن و پاراستنی مانگرتنی گشتی- هیچکەس پێویستی بەوە نەبوو، کە کارگەران بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە وەها ڕێکخراوێک چارەنووسسازە.

ڕێکخراوەی لەو جۆرە لە دەمی مانگرتنەکاندا لە تەواوی ناوچە شارییەکانی ڕوسیەی ئەورووپای و ( لە هەندێک لە گوندەکاندا) سەریانهەڵدا. ٤٠ — ٥٠ نموونە لەم ڕێکخراوانە لە مانگی ئۆکتۆبەردا دروستبوون. لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەیان تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت کارکردیان هەبوو، بەڵام نابێت گرنگیان بەکەم بگرین. ئەمە یەکەمین ئەزموونی دیموکراسی ڕاستەوخۆ بۆ زۆربەی ئەوانە بوو، کە سەرقاڵیان بوون. سۆڤیەتەکان لە خوارەوەڕا، لەلایەن کارگەران، وەرزێران و سەربازانەوە پێکهاتن و داخوازییەکانی ئەوانی بەرجەستە دەکرد _ئەو داخوازییانەی کە لە بڕیارە ناسکتاریستییەکاندا بەرزکرانەوە. هیچ پارتێکی سیاسی بەسەر سۆڤیەتەکاندا زاڵ نەبوو و هەژمارێکی فرە لە کارگەران دژی ئەوە بوون، کە مافی نوێنەرایەتی بە پارتە سیاسییەکان بدرێت. بەمجۆرە، زۆربەی سۆڤیەتەکان لەلایەن کارگەرانەوە بۆ چارەسەری گرفتە دەستبەجێکانیان پێکهێنرابوون - وەک سەرکەوتن لە مانگرتندا، هەشت کاتژێر ڕۆژکاری و مافە سیاسییەکان- و خۆیان تێکەڵ بە پرسە ڕۆژانەییەکان کرد، کە یەخەی کارگەرانیان دەگرت.

تزار، ڕەزامەندی ( بەخشینی پارلەمان، دوما Duma)ی بە سەرکوتی هەڵبژێردراو بەستەوە و مانگرتنەکەی تێشکاند و پاشان پاشماوەی سۆڤیەتەکانی لەنێوبرد. بەلام، سەرەڕای شکستی ڕواڵەتی، شۆڕشی ١٩٠٥ ڕێگەی بۆ ڕووداوەکانی ١٩١٧ خۆشکرد. سۆڤیەتەکان لەسەر بنەمای کارخانەکان پێکهاتبوون و کارکردی پارلەمانە کارگەرییەکان، یەکێتییەکان و کۆمیتەکانی مانگرتنیان پیادەکرد؛ هەروەها بۆ کارگەران هەستی خۆبەڕێوەبەرایەتی (self-government) هێنایە ئاراوە. لە داهاتوودا، لەبەرامبەر گرفتە دژوارەکانی سەرەتای ساڵی ١٩١٧، کاتێک کە کارگەران خۆیان لە بارودۆخی قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتیدا دیتەوە، بڕیاربوو پشت بەم ئەزموونانە ببەستن.

لە سەرەتای ساڵی ١٩١٧دا گرفتەکان لەبەرامبەر خەڵکی ڕوسیەدا بەراستی دژواربوون. کارایی بەشداری ڕوسیە لە شەڕی جیهانی یەکەمدا، بەرەبەرە تواناییەکانی دەپروکاند. وابەستەیی بە ئەورووپای ڕۆژاوایی بۆ کەرەستەی خاو، ڕوسیەی لە دستوپێ خست. هەڵئاوسان، بەرتیلخۆری و کەمی پاشەکەوتی خواردەمەنی گەیشتە لووتکە قەیران. بەرهەمهێنان تێکشکا. ڕاکێشانی بە کۆمەڵی خەڵکی بۆ سەربازی بووە هۆی کەمی کارگەری شارەزا لە پیشەسازیدا و کەمی کارگەرانی کشتوزار. بەدەستهێنانی سوتەمەنی، چ بۆ بەکارهێنانی تایبەتی ( گەرمی نێومال) و چ بۆ بەرهەمهێنانی پیشەسازی، تەنانەت لە لەوەوبەر خراپتر بوو. بۆ چین و توێژەکانی خەڵکی ڕوسیە، بە تایبەت چینی کارگەری پیشەسازی، هیچ جۆرە هیوایەکی ڕوون نەبوو. ڤۆلین (Voline) لەبەر ڕۆشنایی ئەزمونی خۆی دەنووسێت:

بارودۆخ لە جێنیوەری ١٩١٧دا لە توانا بەدەر بوو. بێسەرەوبەرەیی ئابووری، هەژاری کارگەران و لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵایەتی ڕوسیە وەها توند بوو، کە هاوشاریانی چەندین شاری گەورە - بە

شێوەیەکی بەرچاو لە پیترۆگراد Petrograd – نەک تەنیا لەباری رووبەروو بوونەوەدا بوون لەگەڵ کەمی سوتەمەنی، پۆشاک، خواردەمەنی، کەرێ و شەکر، بەڵکو تەنانەت لەگەڵ کەمی نانیشدا رووبەروو بوون. مانگی فێبریوەری خراپترین هەلومەرجی بەخۆوە بینی، نەک تەنیا دانیشتوانی شارنشین تووشی قاتوقڕی بوون، بەڵکو پێویستی سوپاش بەتەواوی کەمی کردبوو. سوپا لەو بارەدا کارەساتێکی تەواوی سەربازی رووبدا . [6]

بە درێژەکێشانی شەڕ، لە سوپا و هێزی دەریاییدا ناکۆکی سەری هەڵدا. لە دژی سەرکوتکەری ئەفسەران، وەرزێران لە سوپادا دەستیان دایە شۆڕش و لەبەرمبەر بارودۆخی هەرچی شڵەژاوتری سوپادا، پەیوەندی هاوڕێیانە لەنێوان بەسەربازگیراواندا پەرەی سەند. باسەکانی کارگەران و وەرزێران لەنیو سەراپای سوپادا فراوان و بەربڵاوبوونەوە. سەرەتای ساڵی ١٩١٧ بەجۆشهاتنی شۆڕشی هێزە سەربازییەکانی بەخۆوە گرت. لە ٢٣ فێبریوەریدا، مانگرتنی ژنانی کارگەری رستن و چنین لە پیترۆگراد (سانت پیتەرسبورگ ی پیشوو) دەستی پێکرد. خۆپیشاندانەکان، کە بەکردەوە خرۆشان بوون بۆ نان، لە تەواوی شارەکاندا پەرەیان سەند. سەربازان کە لە ساڵی ١٩٠٥دا خۆپیشاندانگەلێکی وەهایان سەرکوت کردبوو، لە سەرکوتی راپەرین سەرپێچیان کرد و زۆرێکیان بە خۆپێشاندەرانەوە پەیوەست بوون. لە کۆتایی مانگدا، پاش سێ رۆژ لە خۆپیساندانی خۆبەخۆ و مانگرتنێکی گشتی، پیترۆگراد لەدەستی چینی کارگەری ئەم شارەدا بوو. ڤیکتۆر سێرگی (Victor Serge) یەکێک لە بەشداربووانی ئەو رووداوانە دەنووسێت :

شۆڕش لە شەقامەکاندا هەڵچوو، لە کارخانەکاندا هەزاران کارگەری مانگرتووی تێکرژابوون و هاواریان دەکرد "نان! نان!. لێپرسراوان، بەداماوییەوە بینەری هاتنەپێشی بزووتنەوەکە بوون؛ لە توانایاندا نەبوو بەسەر قەیرانەکەدا زاڵبن . هەستی برایانەی سەربازان لەگەڵ خۆپێشاندانی کارگەران لە شەقامەکانی پیترۆگرادا، روخانی ئاریستۆکراسی گەیاندە لووتکە. کتوپڕی رووداوەکان، رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی تووشی سەرسوڕمان کرد... [7]

تەنانەت تا ئەو رادەیەی کە ترۆتسکی ناچار دانی پێدانا ، کە رێکخراوە شۆڕشگێڕەکان لە فێبریوەریدا وەک رێگرێک لەبەردەم چینی کارگەردا دەجووڵانەوە:

لەم رووەوە، واقیعیەت ئەوەیە، کە شۆڕشی فێبریوەری لە خوارەوەڕا دەستی پێکرد، بەسەر بەرگری رێکخراوە شۆڕشگێڕییەکانی خۆیدا سەردەکەوێت، دەستپێشخەری لە رێکەوتنی خودی سەرکوتکراوترین و ستەمدیدەترین بەشی پرۆلیتاریاوە – ژنانی کارگەری رستن و چنین و بێشک لە نێوانیاندا زۆرێک لە هاوسەرە سەربازەکانیان _ سەرچاوەی دەگرێت. [8]

شۆڕش لە سەرتاسەری روسیەدا پەرەی سەند. وەرزێران دەستیان بەسەر زەوییەکاندا گرت؛ لە سوپادا دیسپلین نەما؛ دەریاوانان لە لەنگەرگەی کرۆنشتات لە کەناری بالتیکدا دەستیان بەسەر کەشتییەکاندا گرت و شاریان خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە؛ شێوەی سۆڤیەتی رێکخراوەکان، سەرەتا لە ناوچە پیشەسازییەکان، پاشان لەنێو سەربازان، دەریاوانان (هێزی دەریایی) و وەرزێراندا سەرلەنوێ دەرکەوتنەوە.

کاتێک کە تزار، لە فەرمانڕەوایی دەستی کێشایەوە، حکومەتێکی کاتی دەسەلاتی بەدەستەوە گرت. ئەم حکومەتە کە لە ئەندامانی بۆرژوازی و خانزادان (aristocracy) پێکهاتبوو، ئەم کۆمەڵەیە کە سەرەتا بەتەمای پێکهێنانی پادشاییەتی مەرجدار یا پاشایەتی پارلەمانی ( a constitutional monarchy) بوون. هەر زوو دەستبەرداری ئەم بیرۆکەیە بوون، بەڵام بە چاوپۆشی لە بەیاننامەکان، یاساکان، لێکدوانەکانیان و هیتر،

نەیانتوانی ڕێگەچارە بۆ پرسەکان بخەنەڕوو، کە لەلایەن هەژماری دانیشتوان، هەم کارگەران و هەم وەرزێران، ڕووبەڕوویان دەکردنەوە. سۆڤیەتەکان، کە لەسەرتاسەری وڵاتدا پێکهێنرابوون، لە لەیەن کارگەران، وەرزیران و سەربازانێک کە لەپەیوەند بە پرسەکانیان دەچوونە کنیان، وەک حکومەتێکی ڕەوا چاو لێدەکران.

سەرەڕای ئەمە، بە سەرنجدانیکی وردتر لە پێکهاتن و پێکهاتەی سۆڤیەتەکان، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئەوانە ئۆرگانگەلیکی جەماوەری نەبوون، کە ئامرازەکانی بەکاربردنی هێز لە چالاکییە ڕۆژانەییەکانیاندا بخەنەبەردەم بەکارگەران و وەرزێران. بەناوبانگترینی سۆڤیەتەکان _ نموونەیەکی چاک لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و کارکردیان_ سۆڤیەتی پترۆگراد بوو. ئەم ڕێکخراوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لەلایەن کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی لیبراڵ و ڕادیکاڵ پێکهات، کە لە ٢٧ی فێبریوەری کۆبوونەوە و خۆیان وەک «کۆمیتەی بەڕێوەبەری سۆڤیەتی پترۆگراد» دیاریکرد. [9] پاشان بۆ هەڵبژاردنی خودی سۆڤیەتەکە بانگەوازایان دەرکرد. لە ٢٨ی فێبریوەریدا لەوەلام بە ڕاگەیێندراوی « ئەم کۆمیتەی بەڕێوەبەرییە» هەڵبژاردن لە کارخانەکاندا بەڕێخرا. تا کاتژێر ١ی پاشنیوەڕۆ زیاتر لە ١٢٠ نوێنەر بۆ کۆبوونەوەی گشتی کۆبوونەوە. هەرچەند، ئەم کۆبوونەوە (دانیشتنە) - زۆربەی کۆبوونەوەکانی دواتر- بێسەروبەر بوون : بڕیارنامەی کۆتایی نەدەتوانرا پشتراستکرێنەوە و شتگەلیکی کەم بەدەستەوە دەدران. تەواوی بڕیارە پێویستەکان لە "دڵسۆزی تەواوی" کۆمیتەی بەڕێوەبەرییەوە جیبەجێدەکران. [10] هەندێک لەم بڕیارانە، وەک بڕیاری ڕۆژی دووەمی مانگی مارس کە سۆڤیەت هاوکاری لەگەڵ حکومەتی کاتی ناکات، بۆ بڕیار لەسەردان خرایە بەردەم سۆڤیەت وەک گشتێک، بەڵام بەزۆری پێیارەکان نەچوونە پای بڕیاردان.

سوخانۆڤ (Sukhanov)، ڕۆژنامەنووس و ئەندامی ئەم کۆمیتەی بەڕێوەبردنە، کارکردی ئەم سۆڤیەتە ئاوا باسدەکات :

تا ئەوڕۆکەش، من ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری سۆڤیەتم، بەتەواوی لەوەی کە سۆڤیەت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسەکانی ڕۆژ، چۆن دەجوڵایەوە، ئاگادار نیم. هیچکات بۆم گرنگ نەبوو، نە ئەوکات و نە پاش ئەوەش، چونکە بۆ خۆی ڕوون بوو، کە تەواوی کارە سەرەکییەکان کەوتبوونە سەر شانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری. بەڵام بەنیسبەت سۆڤیەتەوە لەم ساتە وەختەدا، لەو بارودۆخە بەرچاوەدا، بەو پێکهاتە چەندی و چۆنایەتییەوەی، بە ڕۆشنی توانای بەرەوپێش بردنی هیچ کارێکی تەنانەت وەک پارلەمانی نەبوو و بە تەنیا ئەرکە مۆراڵییەکانی هەستاوە.
کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەبوو بۆ خۆی بەتەنیا بە کاروبارەکاندا ڕابگەیشتایە و هەروەها پایەکانی حکومەتی دارشتایە. بە پلەی یەکەم، بڕیاردان لەسەر بەرنامەیەکی وا لەلایەن سۆڤیەتەوە بەتەواوی ڕواڵەتی بوو؛ دووەم، ئەم ڕواڵەتی بوونە دژوار نەبوو و هیچکەسیش گرنگی پێ نەدەدا...
"ئەی چی لە سۆڤیەتدا ڕوویدەدا؟" لەیادمە کە ئەم پرسیارە لە کەسێک کرا، کە لەپشتپەردەوە هاتە سەرشانۆ و دەستەکانی بە شێوەیەکی هیوابڕاوانە جووڵاندنەوە و وتی "کۆبوونەوەی جەماوەری! هەرکەس بیەوێت هەڵدەستێتەوە ە هەرچی کە ئارەزوو دەکات، دەیڵێت!" [11]

سەرنجڕاکێشترین لایەنی ئەم سۆڤیەتە، پەیوەندی کەسی نێوان نوێنەرانی کارگەران و سەربازان لەیەک ئۆرگاندا بوو. ئامادەبوونی ئەو هەمووە نوێنەرانەی سەربازان، فرەتر لە حکومەتی کاتی هێزی واقیعی بە کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەبەخشی، لەبەرئەوەی سۆڤیەت لەپارێزگاری سەربازانی نێوخۆیی (محلی) بەهرەمەندبوو.

له کۆتایی مانگی مارسدا، زیاتر له ۳۰۰۰ کەس نوێنەری سۆڤیەت بوون، که دوو لەسەر سێیان سەرباز بوون. ئەوانه لەسەر بنچینەی هەر نوێنەرێک بۆ ۱۰۰۰ کارگەر، یەک نوێنەر بۆ هەر کارخانەیەک که کەمتر له ۱۰۰۰ کارگەری تێدابێ و یەک نوێنەر بۆ هەر یەکەیەکی سەربازی، هەڵدەبژێردران. له ناوەراستی مانگی ئەپریلدا، لەسەر پێشنیاری کۆمیتەی بەڕێوەبەری، لەبەر ئەوەی سۆڤیەت قەبارەکەی زۆر گەورە بووبوو، دەنگ به چاکسازی و ڕێکخستنەوەی، لەشێوەی ئۆرگانی نوێ که نزیکەی ٦٠٠ ئەندامی هەبوو، درا، که نیوەیان سەرباز و نیوەکەیتر کارگەر بوون. ئەم سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیه لەلایەن کۆمیتەیەکی تایبەتەوه، که لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەرییەوه هەڵبژێردرابوو، پێکهێنرا و بەلابردنی "نوێنەرانی کاتی(ناجێگیر)" و هەروەها لابردنی نوێنەرانێک که لەلایەن دەستەگەلێکەوه هاتبوون، که ژمارەیان کەمی کردبوو، ژمارەی ئەندامانی سۆڤیەت هاتەخوارەوه. لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەلات لەدەست کۆمیتەی بەڕێوەبەریدا مایەوه. ئەم بارودۆخه لەسەرەتاوه ئاوا بوو و له ماوەی بەهار و هاوینی ۱۹۱۷شدا بەمجۆره درێژەی کێشا. [12]

کۆمیتەی بەڕێوەبەری ڕۆڵی خۆی فراوانکردەوه و کۆمیتەی جۆراو جۆری بۆ کارکردن لەسەر پرسه جیاوازەکان پێکهێنا _ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامه، چاودێری بەسەر خزمەتگوزاری جۆراوجۆردا و هیتر_. هەرچەند ژمارەی ئەندامانی ئەم کۆمیتەیه زیادکردیان دەکرد، پایەکانی (ڕیزەکانی خوارەوەی) سۆڤیەت فرەتر دەسەلاتیان لەدەست دەدا. ژمارەی کۆبوونەوەکان (دانیشتنەکان) کەمکرانەوه و به دوای ئەمەدا خۆدی سۆڤیەت بێجگه له شوێنی کۆبوونەوه شتێکیتر نەبوو، واته شوێنێک که کارگەران و سەربازن دەیانتوانی تێیدا کۆببنەوە، بۆچوونەکانیان ڕاگەیێنن، کەسانی تری وەک خۆیان بەسەر بکەنەوه و بنکەکانی هەڵبژاردنیان لەوەی که ڕوی دەدا و لەڕوودااندا بوو ئاگادار بکەنەوه. ئەم ئۆرگانه بۆ خەڵکانێک که هیچکات بواری دەربڕینی بۆچوونەکانیان بۆ نەڕەخسابوو، ئەم توانایەی پێدەبەخشین. بەڵام نوێنەرایەتی هێزی چینی کارگەر نەبوو؛ هەرچی هەبوو، نموونەیەک بوو له بێدەسەڵاتی.

وا دەردەکەوت که ئەم سۆڤیەته بالانمای تەواوی سۆڤیەتەکانه له سەرتاسەی ڕوسیەدا – هەم له ناوچه شارییەکاندا و هەم لەناوچه گوندنشینەکاندا- زۆربەی کات، کارگەران و وەرزێران لەگەڵ سۆڤیەتەکانی خۆیاندا دەکەوتنه ناکۆکییەوه. نه ئەم ئۆرگانه و نه حکومەتی کاتی نەدەتوانرا وەک ئامرازی هێزی چینی کارگەر لەبەرچاو بگیرێن. لەپاڵ ئەمەدا، کارگەران توانیان، که وەها ئامرازێک دابهێنن: کۆمیتەکانی کارخانه.

له کاتێکدا که سۆڤیەتەکان به زۆری سەرقاڵی پرسی سیاسی بوون - پێکهێنانی حکومەت و درێژەی شەڕ-، کۆمیتەکانی کارخانه تەنیا به پرسه پەیوەستەکانی بەردەوامی بەرهەمهێنان له کارخانەکاندا خەریکبوون. زۆرێک لەم کۆمیتانه له بەرەنگاری داخستنی کارخانەکان یا خراپەکاری خاوەنکارخانەکاندا، به شێوەیەکی کتوپڕ سەریانهەڵدا. لەڕێگەی ئەم کۆمیتانەوه بوو، که کارگەران هیوایان کەوتەوەبەر که گرفته سەرەتاییەکانیان چارەسەر بکەن - چۆن بەرهەمهێنان سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوه و چۆن گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیان له نێو گێژاوی ئابووریدا، دابین بکەن- زۆرێک له کارگەران لەگەڵ ئەم دووریانەدا ڕووبەڕوو بوون، یا بەخۆیان بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان بەدەستەوه بگرن یا ئەوەی برسیەتی بکێشن. کارگەرانیتر که لەڕووی دامەزراوییەوه بەڕادەیەک مسۆگەرتر بوون، هەم کەوتبوونه ژێر کارایی سەرهەڵدانی چالاکییەکان که تایبەتمەندی شۆڕش بوو و هەم کەوتبوونه ژێر کارایی خراپتربوونی باری ئابووری. بۆ ئەوەی مسۆگەر بمێننەوه، دەبوو له بەڕیوەبەرایەتی کارخانەکاندا فرەتر قسەیان بڕۆشتایه. بەمجۆره کارگەران پەیان بەوه برد، که بۆ پاراستنی بەرژەوەندییان و باشترکردنی بارودۆخیان پێویستیان به ڕێکخراوگەلیک له ئاستی کارخانه هەیه.

یەکێتییەکان له پەیوەند بەم پرسانەوه نەیاندەتوانی پاڵپشتێک بن. تاکو پێش کۆتایی سەدەی نۆزده، یەکێتییه کارگەرییەکان نایاسایی بوون. یەکێتییه سونەتییەکان، که دەستپێشخەرییەکی گنگ بوون لەلایەن یەکێتییه

کارگەریەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواییەوە، لە ڕوسیە لەئارادا نەبوون، لەبەر ئەوەی کە لە ڕوسیە هێشتاکە پیشەسازی بچووک (ساوا) بوو. تەنیا لە سیاسیترین کارگەران دەکرا چاوەڕوانی ئەوە بکرێت، کە لە هەلومەرجی وا سەرکوتگەرانەدا هۆگری یەکێتیگەرایی بن و وەها کارگەرانێک فرەتر بەلای پەیوەستبوون بە ڕێکخراوە سیاسییە ڕادیکاڵەکانی ئەوکاتدا دەشکانەوە. لە ساڵی ١٩٠٥دا یەکێتیە کارگەرییەکان ڕۆڵێکی لاوەکی و لاوازیان لە ڕاپەڕیندا گێڕا. زۆربەیان لە سەرکوتی چەند ساڵی دواتردا تێکشکێنران. بەڵام ژمارەیەکی دیاریکراوی هەڵبژاردەیان مۆڵەتییان وەرگرت، تاوەکو لەژێر چاوەدێری پۆلیسدا درێژە بەکارکردن بدەن. لە سەردەمی ڕاپەڕینی فێبریوەری ١٩١٧دا چەندین یەکێتی کارگەری وەک ڕێکخراوی سەرتاسەری (میللی) لە ئارادا بوون، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان جەماوەریان لە کارخانەکاندا هەبوو. زۆربەی ڕابەرانی یەکێتییە کارگەرییەکان سەر بە مەنشەڤیکەکان بوون، کە ئەو بۆچوونەیان ڕەتدەکردەوە، کە دەبێت کارگەران لە کاروباری نیو کارخانەکاندا دەستییان هەبێ. لە ماوەی چەند مانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٧دا، ژمارەی ئەندامانی یەکێتییەکان لە چەند هەزارەوە بوو بە ١،٥ ملیۆن ئەندام. زۆربەی ئەم زیادکردنە، تەواو ڕواڵەتی بوو، واتە بۆ کارگەرانی ڕادیکاڵ ئەمە بووبووە بنچینەیەک، کە دەبێ لە یەکێتییەکاندا بن. چالاکی واقیعی لە فرەبوونی سەرسوڕهێنەرانی کۆمیتەکانی کارخانەدا بەرجەستە بووبوو، هەر ئۆرگانێک لە کارخانەیەکدا هەبووبێ ، لە کارگەران پێکهاتووە و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەبران. لە ڕێگەی ئەم کۆمیتانەوە بوو، کە زۆربەی کارگەران هەوڵیان دەدا تا گرفتەکانیان چارەسەر بکەن.

ئەم کۆمیتانە گرنگیان بە پێکدەهێنانی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی کارگەران دەدا، کە لەڕێگەی ئەوەوە کارگەران دەیانتوانی لەگەڵ یەکەم گرفتنیان ڕووبەڕوو ببنەوە – یا هیوایان بەچارەسەری هەبێ- : واتە پرسی بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان لە کارخانەکاندا. تەنیا لە ڕێگەی ئۆرگانگەلیکی وەک کۆمیتەکانی کارخانەوە، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کارگەرانەوە پێکهێنرابوون و ڕاستەوخۆ لەلایەن کارگەرانی هەمان کارخانەوە بەڕیوەدەبران، کە کارگەران دەیانتوانی گەشە بە ڕێکخراوەکانیان، بە هاوپشتی چینایەتییان بدەن و لە بەدەستهێنانی زانیاری پێویستدا بۆ بەڕیوەبەری بەرهەمهێنان، بەشداربوون. (هەروا کە سۆڤیەتەکان بەزۆری سەرقاڵی پرسی "سیاسی"بوون و لەبەر ئەوە دانیشتنەکانیان ئاسایی بێسەروبەر بوون. بۆ چارەسەری گرفتی دەستبەجێی کارگەران کەمتر یارمەتیدەر بوون.) لەهەر ناوەندێکی پیشەسازی لەسەراسەری ڕوسیەی ڕۆژئاوایی‌دا وەها کۆمیتەگەلێک سەریانهەڵدا. ئەندامەتی لە کۆمیتەیەکدا هەمیشە تایبەت بە کارگەرانێک بوو، کە هێشتاکە لەو کارخانەدا کاریان دەکرد. گرنگترین بڕیاردان لە کۆبوونەوەی گشتی تەواوی کارگەران لە کارخانەدا دەدرا. کارگەران هەوڵیان دەدا بۆ چارەسەری گرفتە دەستبەجێکانیان، هەوڵیاندا هێزیان لەنیو کارخانەدا بپارێزن. هیچ کەسێکی‌تر نەیدەتوانی ئەم کارەیان بۆ ئەنجام بدات. لە یەکەمین مانگەکانی شۆڕشدا بۆ خستنەڕووی کۆمەڵێک داخوازی و لە هەندێ بارەوە بۆ دەستبەکاربوون بەرەو بەدیهێنانی ئەو خواستانە، ئەم کۆمیتانە لەلایەن کارگەرانەوە بەکارهێنران. پاول ئاڤریچ (Paul Avrich) ئاوا لەبارەی کارکردی هەندێ لە کۆمیتەکانی کارخانەکانەوە لە یەکەم مانگەکانی ڕاپەڕیندا دەدوێ:

> کۆمیتەکانی کارخانە سەرەتا داخوازییەکانیان بە زیادکردنی کرێ و کەمکردنەوەی ماوەی کار بەرتەسک نەکردەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم داخوازییانە لەسەروی هەموو لیستێکی داخوازییەکانەوە بوون، ئەوەی ئەوان بێجگە لە بەرژەوەندی مادییان خوازیاری بوون، مافی ڕۆڵگێرانیان بوو لە بەڕێوەبەرایەتیدا. بۆ نموونە، ئەوی کە کارگەرانی کارگەی پێڵاو (کەوش)ی سکۆرۆخۆد (Skorokhod) لە پترۆگراد، لە چواری مانگی مارسدا پێهەستان، ئەوەی ئەوان سەرەڕای هەشت کاتژێر کاری ڕۆژانە و زیادکردنی کرێ، لەوانە دانی دوو بەرابەری کرێ بۆ زیادەکاری، لە خاوەنکار خوازیار بوون؛ هەروا خوازیاری بە فەرمی ناسینی کۆمیتەکانی کارخانەکانیان و مافی ڕادەربڕینی وی لە دەرکردن و خستنەسەرکاری کارگەراندا، بوون. لە کارخانەی ڕادیۆتێلەگرافی پترۆگراد،

کۆمیتەیەکی کارگەران پێکهات تاوەکو بەوجۆرەی کە رایدەگەیاند " پێشنیاری بنچینە و بریارنامەکانی ژیانی نێو کارخانە گەڵاڵە بکات"، لە کاتێکدا کۆمیتەکانی کارخانەکانیتر بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکی بەرێوەبەران، ئەندازیاران و سەرکارگەرەکان هەلبژێردرابوون. لە ناوەندە بەرهەمهێنەرە گەورەکانی پترۆگراد و بەتایبەت ناوەندی فلزکاری دەوڵەتی، کە بە رادەیەکی زۆر تەنیا تایبەت بە پێداویستی جەنگی بوو و لەوانەیە چارەکە ملیۆنێک کارگەری لە پایتەختدا هەبوویێ، شێوەی سەرەتایی "چاودێری کارگەری" بەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردندا یەک شەوە سەریانهەڵدا. [13]

لەوێوە کە بەدوای شۆڕشی فێبریوەریدا باری ئابووری لەوە خراپتر بوو ( هەڵئاوسان بەردەوام بوو، بەرهەمهێنان تازە دەستی بە زیادبوون کردبوو، بەلام ئەوەش بە شێوەیەکی پچڕۆچڕ)، کارگەران لە خستنەرووی داخوازی لە پەیوەند بە کرێکار، هەلومەرجی کار و سەرەتاکانی "چاودێری کارگەری"، بە کردەوە روویان لە بەدەستەوەگرتنی کاروبارەکان و خستنەوەکاری ژمارەیەکی هەرچی زۆرتری کارخانەکان. بۆ ئەوەی کارگەران رێگەیەک بۆ دەرچوون لە قووڵتربوونەوەی قەیرانە بدۆزنەوە، ئەوا دەبوو دەستبەکار بن. پرسێکی دەستبەجێ کە سەرەرێی لێگرتبوون و لە ئاستی کارخانەدا رووبەرووی بوون – چۆنیەتی سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانی کارخانەکانیان (لەژێر بەرێوەبەرایەتی خۆیان) بوو- کاتێک کە رووبەرووی ئەم پرسە سەرەتاییە بوونەوە و کارگەران لەرێگەی کۆمیتەکانی کارخانەکانیانەوە دەستیاندایە چارەسەرکردنی _ لەزۆر بارەوە، بە کردەوە بەرهەمهێنانیان لەژێر بەرێوەبەرایەتی خۆیاندا خستەوەگەر- پرسێکی تازە و تەنانەت دژوارتریش پەیدا بوو.

هیچ کارخانەیەک نەیدەتوانی بەتەنیا پشتبەستوو بەخۆی (خودکفا) بێت. بەرهەمهێنان پابەندی کەستەی خاو و بەردەوامی بەرهەمهێنان و چۆنیەتی دابەشکردن بوو. زۆر کۆمیتە بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی خاو بۆ بەرهەمهێنانیان، دەستیان بە کێبرکێ لەگەڵ کۆمیتەی کارخانەکانیتر کرد. دەرکەوت کە وەها رێگەچارەیەک (کێبرکێ _ رقابت)وەڵامدەرەوە بەو گرفتە دژوارانە نییە. هەموو کارخانەکان نەیاندەتوانی کەرەستەی خاوی پێویست بەدەستبێنن. کێبرکێ، نرخی کەرەستەی خاوی بەرزکردەوە. زۆربەی کارخانەگەلێک کە تازەکی بەرهەمهێنانیان سەرلەنوێ دەستپێکردبوووەوە، لەبەر بێتواناییان بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی خاو و ئامێری نوێ، خۆیان لەبەردەم مەترسی ناچاربوون بە لەکارخستنەوەدا دیتەوە. پێداویستی فیدراسیۆنێک بوو بە دیاردەیەکی بەرچاو. بەوەی کە کارگەران دەرکیان کرد – زۆر خێراتر لە کەسانیدیکە- کە دەبێت ئامرازێک بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ کارگەرانیتر لە کارخانە و ناوچەکانیتردا پەرە پێبدەن: لەگەڵ ئەوانەی کە کەرەستەی خاویان بۆ دەستەبەر دەکردن، ئەوانەی کە هەمان بەرهەمیان بەرهەم دەهێنا و ئەوانەی کە پێویستیان بە بەرهەمەکانیان بوو. "موڵکایەتی" یەک کارخانەیی سەپێنراو لەلایەن کارگەرانی ئەو کارخانەوە، نەیدەتوانی گرفتە دژوارە ئابوورییەکان چارەسەر بکات. تەنیا کۆششێکی هاوئاهەنگی بەرفراوان لەلایەن کارگەرانی کارخانە جۆراوجۆرەکانەوە، ئەو کارەی مەیسەر دەکرد. کارگەران دەبوو لە گۆشەگیری نێو کارخانەکانی خۆیان واوەتر برۆن و لەم رووەوە، بۆ داهێنانی شێوازی هاوئاهەنگی سەرتاسەری پیشەسازی و ناوچەیی روویان لە کۆمیتەکانی کارخانەکانیان نا.

لەهەمن کاتدا حکومەتی کاتی هەوڵی دەدا کە بۆچوونەکانی خۆی لەمەر بەرێوەبەرایەتی بەرهەمهێنان بسەپێنێت. لە کۆششی ئەوەدا بوو بە بەرتەسکردنەوەی چالاکی کۆمیتەکانی کارخانە بە چاودێری بەسەر سەلامەتی و ئاساییش لە کارخانەکاندا، لاوازیان بکات. دەبوو تەواوی هاوئاهەنگییەکان لەژێر چاودێری حکومەتی کاتی و کاربەدەستانی ویدا بوونایە. ئەمە بۆ کۆمیتەکانی کارخانە هۆکارێکی هێنایە ئارا، تاوەکو بەیەکەوە پەیوەست بن. کە بەتەنیایی، دەتوانرا لەلایەن حکومەت و کاربەدەستانییەوە تواناییان لێبستێنرێتەوە. بەلام لە یەکگرتندا لەتەک یەک، دەیانتوانی هێزێک پێکبهێنن، کە لەناوبردنی لە تواناوادا نەبێت – مەگەر ئەوەی حکومەت ئامادەبێ تەواوی بەرهەمهێنان راگرێ، واتە کارێکی هەرگیز-  یەکەمین دانیشتنی کۆمەڵە کۆمیتەیەکی

کارخانە لەناوەڕاستی مانگی ئەپریل لە پترۆگراد ڕوودەدات. بڕیاری سەرەکی ئەم کۆنفرانسە پێداگرتنەوەی بەهێز لەسەر مافی کارگەران لە بەدەستەوەگرتنی ژیانی نێوخۆیی کارخانە بوو؛ بابەتگەلی "وەک درێژی ڕۆژکار، کرێیکار، وەرگرتن و دەرکردنی کارگەران و فەرمانبەران، مۆڵەت و هیتر".[14] بەڵام، تا ئەوێندەری کە پەیوەندیگرتنەکانی نێوان کۆمیتەکانی کارخانە بەمەبستی ڕێکخستنی بەرهەمهێنان لە ئاستی شارێکدا دەخرانەڕوو، لەم ڕووەوە هیچ پێشڕەوییەک ڕووی نەدا.

حکومەتی کاتیش لە مانگی ئەپریلدا جارێکیتر کەوتەخۆ. لە ڕۆژی ٢٣ی هەمان مانگدا کۆمەڵە یاسایەک بڕیاریان لەسەردرا، کە مافی کۆمیتەکانی کارخانە بۆ نوێنەرایەتی کارگەران لە گفتوگۆ (ڕێکەوتن) لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و چاودێری بەسەر هەلومەرجی سەلامەتی لەنێو کارخانەدا بە فەرمی دەناسی. ئامانجی سەرەکی ئەم بڕیارنامانە "لێدان بوو لە گرنگی ڕۆڵی کۆمیتەکانی کارخانە و بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتیان"[15] بوو. بەڵام حکومەتی کاتی توانای سەپاندنی ئەم بڕیارانەی نەبوو. کارگەران لە سەرتاسەری ڕوسیەدا بەخێرایی بۆیان دەرکەوت، کە حکومەتی کاتی لە هەوڵی چ کارێکدایە و بەوپەڕی توانایی خۆیان وەلامیان پێدایەوە. بەپێی وتەی پانکراتۆڤا (Pankratova) _ کە مێژووناسێکی بۆلشەڤیکی بزووتنەوەی کۆمیتەی کارخانەکانە _ هەر کارخانەیەکی گەورە و هەر ناوچەیەکی فراوانی شاری، شانۆی چالاکی خۆبەخۆ بۆ وەلامدانەوە بەم بڕیارانە بوو. کارگەران ڕێنوێنی نوێیەکانی حکومەتیان ڕەتکردەوە و چەند هەنگاوێکیان بەرەو بەهێزکردنی هێزی خۆیان لە کارخانەکاندا هاویشت. هەوڵی نوێ  لە پەیوەندی و هاوئاهەنگی نێوان کارخانەکاندا هاتنە ئاراوە. تەواوی ئەمانە تەنیا وەلام بە کارکردی حکومەت نەبوون، بەڵکو بەهۆی خراپتربوونی هەلومەرجی ئابووریشەوە بوون. [16]

لە ٢٩ی مانگی مەی (ئایار)دا، کۆنگەری کۆمیتەکانی کارخانە لە خارکۆڤ (Kharkov) بەسترا، کە بووە هۆی پێداگرتنێکی بەهێز لەسەر خۆبەڕێوەبەرایەتی کارگەران، بەڵام نەیتوانی پرسە چارەنووسسازەکانی وەک هاوئاهەنگی ئامادەکردن، بەرهەمهێنان و دابەشکردن چارەسەر بکات. ڕۆژی دواتر، کۆنگرەی گشتی کۆمیتەکانی کارخانە لە پترۆگراد و ناوچەکانی دەوروبەری لە پایتەخت بەسترا. نزیکەی ٤٠٠ نوێنەری کۆمیتەکان بەشدارییان تێداکرد. لە ماوەی کۆنگرەکەدا بەیاننامەیەک گەڵاڵەکرا، کە پێشڕەوی ئاڵوگۆڕەکانی تا ئەو دەمی ڕووندەکردەوە _ ئەوەی خستەڕوو، کە ئەم ئاڵوگۆڕانە تا چ ڕادەیەک لەلایەن کارگەرانێکەوە کە تێیدا بەشداربوون، دەرک کراوە_

لە دەستپێکی شۆڕشدا، فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی کارخانەکان دەستیان لە کارەکانیان کێشایەوە. کارگەرەکان بەکردەوە بووبوونە خاوەنکار. بۆ بەردەوامی کاری کارخانە، کۆمیتەکانی کارخانە دەبوو بەڕێوەبەری بگرنەدەستی خۆیان. لە یەکەمین ڕۆژەکانی شۆڕشدا لە مانگی فێبریوەری و مارسدا کارگەران کارخانەکانیان بەجێهێشت و ڕژانە سەرشەقامەکان. کارخانەکان لە کارکەوتن. نزیکەی دوو هەفتە دواتر، جەماوەری کارگەران گەڕانەوە سەرکارەکانیان. زۆرێک لە کارخانەکان بەجێهێڵران. بەڕێوەبەران، ئەندازیاران، سەرۆکەکان، میکانیکەکان، سەرکارگەرەکان پێیانوابوو و دڵنیابوون لەوەی، کە کارگەران تۆڵەیان لێدەکەنەوە، لەبەر ئەوە خۆیان شاردەوە. کارگەران دەبوو بەبێ ئەوەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی ڕێنوێنیان بکەن، کارەکانیان دەست پێبکەنەوە. دەبوو کۆمیتەگەلێک هەڵبژێرن، کە بەرەبەرە سیستەمیکی جێکەوتەی کار، سەرلەنوێ چێکەنەوە. کۆمیتەکان دەبوو کەرەستەی خاوی پێویست پەیدا بکەن و هەمووان پێکەوە لێپرسراوەتی گشت ئەرکە چاوەڕوان نەکراوەکان و ناجێکەوتەکان لە ئەستۆ بگرتایە.[17]

بڕیارنامەی کۆتایی کۆنگرەکە، کۆمیتەکانی کارخانەی وەک "ڕێکخراوەی خەباتکارانە کە لەسەر بنەمای فراوانترین دیموکراسی و ڕابەری بەکۆمەڵ هەڵبژێردراون"، کە ئامانجیان " بەدیهێنانی هەلومەرجی نوێیە بۆ کارکردن ... ڕێکخراوەی کۆنترۆڵکردنی واقیعی کارگەران بەسەر بەرهەمهێنان و دابەشکردندا"ناساند، ناساند.وێڕای ئەمە، ئەم بڕیارنامەیە لەمەڕ پرسگەلی "سیاسی" ڕوانگەی خۆی خستەڕوو و خوازیاری ئەوە بوو کە "لە تەواوی دەزگەگەلێکدا کە توانای بەڕیوەبردنیان هەیە، زۆرینەی پرۆلیتێری" دەبێ ئامادە بێت. [18]

کۆنگرە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، تاکو لە پێداگرییەکی داماڵڕاو (مجرد) لەسەر بنچینەکانی خۆبەڕێوەبەرایەتی واوەتر بڕوات و تێکۆشێت بۆ ئەوەی نەخشەی تاقیگەرانە (التجريبية) بۆ هاوئاهەنگی بەرهەمهێنانێکی بەرفراوانتر فۆرمۆلە بکات. نوێنەران لە کۆنگرەکەدا لەبارەی یاریدەدانی یەکێتییە کارگەرییەکانەوە دوان. بەوجۆرەی کە پێشتر لەم وتارەدا دیتمان، یەکێتییە کارگەرییەکان لەگەڵ ئەوەی کە لەسەردەمێکدا کەمتر جێگەی لیدوان و گرنگی بوون، لەسەرتاسەری ڕوسیەدا بوونیان هەبوو، پێکهاتەیەک کە پشتبەستوو بە پەیوەندییەکانی نێوان پێشەسازی و ناوچەکان بوو. لەم کۆنگرەدا بەهیوا بوون، کە ئەم پێکهاتەیە بۆ هاوئاهەنگی چالاکییە بەڕادەیەک دەرکەوتووەکانی هاوکاتی کۆمیتەکان، سوودی لێوەربگیرێت. لەگەڵ ئەوەی لەپەیوەند بە ڕوونان لە ڕێکخراوەکانیتر بۆ یارمەتی بەمەستی هاوئاهەنگی، دوودڵی سەریهەڵدا ( چ پارتە سیاسییەکان، چ یەکێتییە کارگەرییەکان و چ هەر کەسێکیتر بێجگە لە خودی کۆمیتەکانی کارخانە)، توندی قەیرانی ئابووری پێداویستی دەستوبرد لە هەڵسورانی بەسەر نوێنەراندا دەخستەڕوو و وادەهاتە پێشچاو کە سوودوەرگرتن لە پێکهاتەی جێکەوتە لە پێکهێنانی پێکهاتەی نوێ ئاسانیتر بێت.

لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم قۆناخەدا (واتە سەرەتای مانگی جونی)، کارایی پارتی بۆلشەڤیک لەنێو کۆمیتەکانی کارخانەدا دەستی بە گەشەکرد. بۆلشەڤیکەکان دەستەیەکی تاڕادەیەک بچووک لە شۆڕشگێڕانی پیشەیی بوون، کە لەژێر ڕابەری لینیندا پێیانوابوو کە "شۆڕشی سۆشیالیستی" لە ڕوسیەدا لە ئەگەردایە. تاکو پێش گەڕانەوەی لینین لە دوورخراوگە لە مانگی ئەپریلدا، وان لەپەیوەند بە ڕووداوی ڕووداوەکانەوە گۆشەگیر بوون. بەڵام لینین بە خێرایی ئاراستەی پارتی گۆڕی. لە یەکەمین مانگەکانی شۆڕشدا، بۆلشەڤیکەکان لەپەیوەند بە پرسی کۆنترۆڵی کارگەران بەسەر بەرهەمهێناندا، دابەشکردنی زەوی بەسەر وەرزێراندا، پشتیوانی لە حکومەتی کاتی و بەردەوامی شەڕ ڕارابوون – پرسگەلێک کە بۆ کارگەران و وەرزێران چارەنووسساز بوون-. لینین، بە ماندووبوونێکی زۆرەوە، پارتی کێشایە سەر ڕێگەیەک، کە ڕێوشوێنی لەبارەی تەواوی ئەو پرسانە ڕوونکاتەوە و لە ئەنجامی ئەم کارەدا بەرنامەی پارتی بە داخوازیگەلێکی پێشتر بەڕوونی دەربڕاو لەلایەن کارگەران ( بۆ نموونە، کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان لەلایەن کۆمیتەکانی کارخانەوە، بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە، کشانەوە لە شەڕی جیهانی) و وەرزێرانەوە ( بۆ نممونە، کۆتاییهێنان بەشەڕ و دابەشکردنی زەوی بەسەر ئەوانەی کە کاری لەسەر دەکەن)، ڕاستکردەوە. هیچ پارتێکی سیاسی‌تر بەئاشکرا خۆی نەکێشایە ژێر پشتیوانی لە کارکرد و خواستەکانی جەماوەری ڕوسیە. لەم ڕووەوە، زۆرێک لە کارگەران لەبەرامبەر هەوڵەکانی حکومەتی کاتی بەمەبەستی لاوازکردنی دەستکەوتەکانیان و هەوڵەکانیان بۆ فراوانکردنەوەی هێزیان، وەک هاوپەیمانێکی خوازراو لە پارتی بۆلشەڤیکیان دەڕوانی. بەپێی زۆرینەی لەبەرچاوگرتنەکان، بۆلشەڤیکەکان بە هۆی پشتگیری کردنیان لە یەکگرتنی کۆمیتەکان ( بۆ جێگیرکردنی دەسەلات لە بەرامبەر سۆڤیەتەکانی ژێر کارایی مەنسەڤیکەکان) کاراییەکی بەهێزیان لەم کۆنگرەدا هەبوو.

لە ماوەی چەند هەفتەدا، دەرکەوت کە کۆمیتەکانی کارخانە ناتوانن بۆ هاوئاهەنگی پشت بە یەکێتییە کارگەییەکان ببەستن. لە کۆتایی مانگی جونیدا، کۆنگرەی یەکێتییە کارگەرییەکان لە پترۆگراد بەڕێخرا. لێرەدا ڕوون بووەوە کە یەکێتییەکان خوازیاری گوێڕایەڵکردنی کۆمیتەکانی کارخانە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندان. دەرکیان لە "هاوئاهەنگی" ئەوە بوو، کە تەواوی بڕیارە بنچینەییەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و دابەشکردن،

دەبێت لەلایەن ئۆرگانە سەرتاسەرییەکانەوە بدرێن و کۆمیتەکانی کارخانە ( کە بەمشێوەیە لەناو یەکێتییەکاندا وەل پێکهاتە، ناوەکی دەبوون) دەبوو ئەم بڕیارانە جێبەجێ بکەن. بە واتایەکی‌تر، "هاوئاهەنگی" لە ڕێگەی یەکێتییەکانەوە بە مانای کۆنترۆڵکردنی کۆمیتەکان لە لایەن یەکێتییەکانەوە بوو.

لە کۆتایی مانگی جونی‌دا، لە ڕوسیە جەمسەربەندی بوونەوە دەستپێکرد. هێڵەکانی جیایی نە بەڕوونی کێشرابوون و نە ئەوەی کە بەپێی پێویست ئەم هێڵانە لەلایەن بەشداربووانەوە لە ڕووداوەکاندا دەرک دەکران. گرنگترین هێڵی جیایی ئەو هێڵە بوو کە کۆمیتەکانی کارخانەی لە تەواوی دامەزراوەکانی‌تر _ سۆڤیەتەکان، یەکێتییەکان، پارتە سیاسییەکان و حکومەتی کاتی _ جیا دەکردەوە. کە هەمووان لە هەوڵی ئەوەدا بوون، تاوەکو ئەم کۆمیتانە کۆنترۆڵ بکەن. لەنیوان ئەم گروپانەدا کە لە هەوڵی خۆ زاڵکردن بەسەر ئەوانی‌تردا بوون، جیاوازی ئاشکراش هەبوو. (لەنێو لایەنەکانی‌تردا، تەنیا بۆلشەڤیکەکان پشتیوانیان لە کۆمیتەکان دەکرد.) کارگەرانی هەڵسوڕاو لە کۆمیتەکانی کارخانەدا سۆڤیەتەکانیان وەک دوژمن نەدەدیت، بەڵکو لە ڕارایی سۆڤیەتەکان لە پەیوەند بە پەرەپێدانی کۆنترۆڵ بەسەر بەرهەمهێناندا لەلایەن کۆمیتەکانەوە و خۆدزینەوەی سۆڤیەتەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا لەگەڵ حکومەتی کاتی لە پەیوەند بە پرسی دەسەڵاتی سیاسی، هیوابڕاو بوو بوون.

لە سەرەتای مانگی جولای، ناڕەزایەتی جەماوەری بەرامبەر حکومەتی کاتی و سیاسەتەکانی ( بەردەوامی شەڕ و هەوڵەکانی بۆ لاوازکردنی کۆمیتەکانی کارخانە) و هەروەها ئەوەی کە سۆڤیەتەکان ئەنجامیان دەدا ( یا، ڕوونتر، ئەوەی کە ئەنجامیان نەدەدا)، لە شێوەی خۆپیشاندانی توندوتێژانە و دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان لەلایەن وەرزێڕانەوە سەریهەڵدا. لە ٣ی جولای، کۆمەڵێک لە سەربازان و کارگەرانی چەکدار هێرشیان کردە سەر سۆڤیەتی پترۆگراد (لە کاتێکدا کە کۆمەڵێکی گەورەتر لەدەرەوە خۆپیشاندانیان دەکرد) و لەبەر سازشکارییان لەگەڵ بۆرژوازی و دوودڵییان لەمەڕ وەرگرتنی دەسەڵات لە حکومەتی کاتی پەلاماری نوێنەرانی سۆڤیەتیان دا. خوازیاری گشت دەسەلات بۆ سۆڤیەتەکان بوون، بەوەی تەواوی زەوییەکان خۆماڵی بکرێن، شالیارانی جۆراوجۆری بۆرژوازی وەلابنرێن و بەشداری لە شەڕدا کۆتایی پێبهێنرێت. [19] سەراپای مانگی جولای خۆپیساندانی جەماوەری و مانگرتنی لە سەرتاسەری ناوچە شارییەکانی وڵاتی بەخۆوە گرت. حکومەتی کاتی هەوڵیدا تا بۆلشەڤیکەکان بەم هەڵچوونانە تاوانبار بکات. بەلام لە ڕاستیدا بۆلشەڤیکەکان هەوڵیان دابوو تاوەکو هەندێک لەم خۆپیشاندانانە ڕاگرن، لە بلاوکراوەکانیاندا دژی ئەم خۆپیساندانانە دەدوان و خوایاری ئەوە بوون کە ئەندامانی پارت بەشدارییان تێدا نەکەن. سەرەنجام، ئەوانە بە کۆمەڵێکی گومانلیکراوی کارگەران ناسێنران و هەندێک لە کارگەران کە ئەندامی پارت بوون، کارتی ئەندامەتی خۆیان بە نەفرەتەوە پارچەپارچەکرد.

لە سەرەتای مانگی ئۆگۆستدا، لە مۆسکۆمانگرتنێکی گشتی ڕوویدا، کە بەزۆری خواستی "سیاسی" هەبوو _ کۆتایی شەڕ و ئەوەی کە دەبێت سۆڤیەتەکان جێگەی حکومەتی کاتی بگرنەوە. سۆڤیەتی مۆسکۆ دژ بە مانگرتن بوو و ڕابەرانی هێشتاکە نیازیان نەبوو، کە خۆیان وەک ئەڵتەرناتیڤی حکومەتی کاتی ڕاگەیێنن. بێجگە لەمە، لەبەرامبەر قەیرانی دژواری ئابووری، سۆڤیەت هەرچی زیاتر سەرقاڵی پرسی بەردەوامی بەرهەمهێنان دەبوو. ئەم مانگرتنە گشتییە لەلایەن کۆمیتەکانی کارخانەوە ڕێکخرابوو، کە بە خێرایی خۆیان گۆڕی بە کۆمیتەکانی مانگرتن. هەوەها بە "ئاگادارکردنەوە و ڕاهێنانی کارگەران، کۆکردنەوەی پارە، پێشکەشکردنی یارمەتی" و بە هێنانە پێشەوەی خواستەکانی کۆنترۆلی بەرهەمهێنان لەلایەن خودی بەرهەمهێنەرانەوە سەرقاڵ بوون؛ داواکارییەک کە لەڕێگەی کۆمیتەکانی کارخانەوە جێبەجێکرا. [20] جەمسەربەندی نێوان کارگەران و سۆڤیەتەکانی توندتر بوو.

له ڕۆژانی ٧-١٢ی مانگی ئاوگۆست، دووەمین کۆنگرەی کۆمیتەکانی کارخانەکانی پترۆگراد و ناوچەکانی دەوروبەری بەسترا. ئەم کۆنگرە

... له ڕێگەی پەسەندکردنی ئەوەی ١/٤ی له سەدا یەکی موچەی کارگەرانێک کە لەلایەن کۆمیتەکانی کارخانەوە نوێنەرایەتی دەکران، بۆ پشتیوانی له سۆڤیەتی ناوەندی کۆمیتەکانی کارخانە بخرێتەلاوە، هەوڵی پەیگیرانەی درا تاوەکو ناوەندێکی کارگەری کارا لە کۆمیتەکانی کارخانە یەکگرتوو پێکبهێنێت. ئەم کارە بەو مەبەستە بوو کە ئامرازێکی پارێزگەریکەرانەی سەربەخۆ له دەوڵەت و یەکێتییە کارگەرییەکان بدرێتە سۆڤیەتی ناوەندی.[21]

له پەیوەند بەوەی کە یەکێتییەکان نەیاندەتوانی سوود له لایەنی ڕێکخستن و هاوئاهەنگی بەرهەمهێنان وەرگرن، هاوڕاییەک له ئارادا بوو. بۆلشەڤیکەکان کە زۆرینەی نوێنەرانی ئەم کۆنگرەیان لە خۆ گرتبوو، بە ئاشکرا سۆڤیەتی ناوەندیان وەک ئۆرگانێک بە کارکردی فرە جیاواز لە هاوئاهەنگی داماڵراو (مجرد) دەبینی. بە بۆچوونی وان دەبوو ئەم سۆڤیەتە ناوەندییە توانایەکی بەرچاوی هەبێ، تاوەکو بتوانێت لەمەڕ بەرهەمهێنان و دابەشکردن بڕیار بدات. بڕیارگەلیک کە بە کۆمیتەکانی کارخانەوە دەبەسترانەوە.[22] زۆرێک لە نوێنەرانیتر پێیانوابوو کە وەها ئۆرگانێک دەتوانی کۆنترۆڵ بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا لەلایەن خودی بەرهەمهێنەرانەوە بسەپێنێت (فراوان بکاتەوە)، ئەوەی کە هەبوو ( و لەباری کشاندا بوو) لاواز دەکا و مافی بڕیاردانە گرنگەکان لەدەستی بەرهەمهێنەران دەردەکێشێت. لەم ڕووەوە دوودڵییەکی فرە لەمەڕ پێکهێنانی ئەم سۆڤیەتە ناوەندییە له ئارادا بوو، سۆڤیەتێک کە تەنیا بە لاوازکردنی توانای خودی بەرهەمهێنەران و کۆمیتەکانی کارخانە، پرسی هاوئاهەنگی چارەسەر دەکرد. بڕیارنامەی کۆتایی کە تێیدا هاتبوو " فەرمانەکانی کۆمیتەکانی کارخانە دواجار پابەندی ڕازیبوونی سۆڤیەتی ناوەندین و ئەوە سۆڤیەتە کە دەتوانێت هەر فەرمانێک لەلایەن کۆمیتەی کارخانەوە هەڵوەشێنێتەوە".[23] بەرجەستەکردنی شکستێکی واقیعی بوو، بۆ ئەوانەی کە سەرپێچییان لە کۆنترۆڵکردنی کۆمیتەکان بە هۆی هەر ئۆرگانێکەوە کە بە ڕاسەریانەوە قوتکرابێتەوە، دەکرد. هەر لەو دەمەدا – لە سەرەتای مانگی ئاوگۆستدا – کۆنگرەی سەرتاسەری کۆمیتەکانی کارخانەکانی شاری مۆسکۆ بەسترا. لێرەشدا هەوڵ بۆ داهێنانی پێکهاتەیەکی هاوئاهەنگی، کۆشش کرا، بەڵام ئەمجارە لە شێوەی " ناوەندێتی پێدان" لەژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەتی ناوچەیی.

له کاتێکدا ئەم هەولانە بۆ هاوئاهەنگی ئەنجام دەدران، کۆمیتەکانی کارخانە درێژەیان بە هەوڵدان بۆ چارەسەری پرسە سەرەکییەکانیان دەدا - دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەگەڕخستنیان لەلایەن خودی بەرهەمهێنەرانەوە- لەم ساتەدا پێداویستی ئەنجامدانی وەها کارێک تەنانەت فرەتر بووبوو، چونکە نرخی پێداویستییە سەرەکییەکان ( وەک خواردن، پۆشاک و کەوش) دوو تا سێ بەرابەر خێراتر لە هەقدەستەکان زیادی کردبوو و ژمارەیەکی زۆرتر لە خاوەنکارخانەکان هەوڵی ڕاگرتنی بەرهەمهێنان دا. [24] حکومەتی کاتی لەدەست چالاکییەکانی کۆمیتەکانی کارخانە تووشی دڵەڕاوکێ بووبوو و هێرشێکی گەورەی یاسایی کردەسەریان. بەو ڕادەیەی کە حکومەت هەستی بە پێداویستی لەناوبردنی ئەم کۆمیتانە کردووە، ڕیوشوێن و کارکردی ئەم کۆمیتانەمان بۆ دەردەکەوێت. لە ٢٢ی مانگی ئاوگۆستدا، سکۆبێلێڤ (Skobelev) شالیاری کار نامەیەکی فەرمی بڵاوکردەوە کە ئەمەی تێدا هاتبوو:

مافی وەرگرتن و دەرکردنی تەواوی کارگەران بە خاوەنی کارخانەکان دەگەڕێتەوە ... هەنگاوی توندوتیژ لەلایەن کارگەرانەوە بە مەبەستی دەرکردن یا وەرگرتنی کەسانێکی دیاریکراو وەک هەنگاوی خەتاکارانە بەر لێپرسینەوە دەکەوێت. [25]

نامەیەکیتری فەرمی بە مێژووی ٢٨ی مانگی ئاوگۆست، بەرپاکردنی دانیشتنەکانی کۆمیتەکانی کارخانەی لەماوەی کارکردندا قەدەخە کرد. بەڵام لەوێوە کە حکومەت دەسەڵاتی سەپاندنی ئەم یاسایانەی نەبوو، بەگشتی ئەم یاسایانە لە لایەن کارگەرانەوە پشتگوێ دەخران. کۆمیتەکانی کارخانە لە بەرژەوەندی خودی کارگەران باشترین ئامرازی بۆ پاراستنی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵکردنی دەخستە بەردەستیان. بەمجۆرە، کارگەران نەیاندەویست مل بە فەرمانی بێ دەسەڵاتانەی حکومەتی کاتی بدەن. هەتا رووخانی لە پاییزی ١٩١٧ خەبات درێژەی کێشا. خەباتێک کە دەیتوانی بە لەناوبردنی ئەم یا ئەو رەقیبی سەرەکی کۆتایی بێبێت. پانکراتۆڤا (Pankratova) لەمەڕ لۆژیکی ئەم خەباتەوە دەنووسێت:

تێپەربوون لە سستیەوە بۆ کۆنترۆڵی چالاکانە بەهۆی لۆژیکی پاراستنەوە دیکتە کرابوو. بەشداری کۆمیتەکانی کارگەران لە وەرگرتن و دەرکردندا، یەکەمین هەنگاو بوو لە بەشداری راستەوخۆی کارگەران لە شێوازی بەرهەمهێناندا ... پاشان، تێپەرین بەرەو شێوەی باڵاتری کۆنترۆڵی تەکنیکی و دارایی بووە شتێکی بێگەرانەوە. ئەم پرسە، پرۆلیتاریای لەگەڵ گرفتێکی تازەدا رووبەروو کردەوە: بەدەستەوەگرتنی دەسەلات، هێنانەی پەیوەندی نوێی بەرهەمهێنان. [26]

لەگەڵ ئەمەشدا، کارگەران و کۆمیتەکانی کارخانە، نەیانتوانی پەی بە گرنگی خەباتیان بۆ هێزی کۆمەڵایەتی بەرن. هەوڵەکانیان لە بواری "ئابووری"دا گیرسانەوە. "دەسەڵاتی سیاسی" کێشەی سۆڤیەتەکان بوو. کارگەران بەهیوا بوون کە سۆڤیەتەکان بە زوویی "دەسەڵاتی سیاسی" بەزۆر لە حکومەتی کاتی وەربگرن و ئەو توانایە بە کۆمیتەکانی کارخانە و رێکخراوە پەرەسێنە ناوچەییەکانیان بدات، تاوەکو بەرهەمهێنانی پیشەسازی بەرێوەبەرن.  لە مانگی ئۆکتۆبەردا وەها سۆڤیەتگەلێکی کۆمیتەکانی کارخانە لە ناوچە جیاجیاکانی روسیەدا پەیدا بوون: لە ناوچەی باکووری رۆژئاوا : پیترۆگراد (Petrograd)، پسکۆڤ (Pskov)، نیڤێل (Nevel)؛ لە ناوچەی پیشەسازی ناوەندی: مۆسکۆ، ئیڤانۆڤۆ – ڤۆسنێسێنسک (Ivanovo-Vosnesensk)؛ لە پارێزگەکانی ڤۆلگا (Volga): ساراتۆب (Saratob)، کازان (Kazan)، تزاریتسین (Tsaritsyn)؛ لە ناوچەی ئۆکراینا؛ لە ناوچە کانییەکانی(معدنی) باشوور:  کارخڤ (Karkhov)، کیڤ (Kiev)، ئۆدیسا (Odessa)، ئیۆزۆڤکا (Iuzovka)؛ لە ناوچەی باشووری رۆژیاوایی و قەفقاز (Caucasus) :  رۆستۆڤ (Rostov)، نەخجەڤان (Nakhichevan) رۆخی روباری دان (Dan)، ئەکاترینۆدار (Ekaterinodar)؛ لە ناوچەی ئورال (Ural) و سیبریا (Siberia): ئیرکوتسک (Irkutsk). [27]

کۆنگرەکانی کۆمیتەی کارخانە خۆجێییەکان (محلی) لە پیترۆگراد و مۆسکۆ لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەر و سەرەتای ئۆکتۆبەر، پێیان لەسەر درێژەدان بە رۆلیان لە بەرهەمهێنان – بەرێوەبەرایەتی سەراپای پرۆسەی بەرهەمهێنان _ و هەروەها پێداویستی پەرەپێدانی شێوازی باشتری هاوئاهەنگی، داگرتەوە.

پاش ماوەیەکی کورت، یەکەمین "کۆنگرەی کۆمیتەکانی کارخانەکانی سەرتاسەری روسیە" بانگەوازی بۆ کرا. ("سەرتاسەری روسیە" کەمێک زیادەرەوییە، چونکە ئەم کۆمیتانە تەنیا لە ناوچە پیشەسازییە شارییەکاندا هەبوون.) ئەندامانی پارتی بۆلشەڤیک لە سەدا ٦٢ی گشت نوێنەرانیان پێکدەهێنا و هێزێکی زاڵبوون. هەنووکە پارت کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر سۆڤیەتی ناوەندی کۆمیتەکانی کارخانەدا کە تازەکی پێکهاتبوو، هەبوو و بۆ ئامانجەکانی خۆی سوودی لەم کۆنترۆڵە وەرگرت. بە گێرانەوەی،

... دەرکەوت کە کاری ئەم سۆڤیەتە تەواو دیاریکراوە. بۆلشەڤیکەکان کە بە هەژمارێکی بەرچاوەوە هاتنە ناو سۆڤیەتی ناوەندییەوە و لە راستیدا کۆنترۆڵیان دەکرد، بە ئاشکرا و بە ئەنقەست رێگریان لە کاری سۆڤیەتی ناوەندی وەک ناوەندێک بۆ خەباتی ئابووری لەلایەن کارگەرانەوە، دەکرد.  بە

شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئامانجی سیاسی خۆیان بۆ بەهێزکردنی مەیدان بۆ ڕاکێشانی یەکێتییەکان، سوودیان لە سۆڤیەتی ناوەندی وەردەگرت. [28]

بۆلشەڤیکەکان لەم کۆنگرەدا لە پەسەندانندنی بڕیارنامەیەکدا بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی سەرتاسەری (ملی) بۆ کۆمیتەکان، سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. بەڵام ئەم پێکهاتەیە بەڕاشکاوی چالاکی کۆمیتەکانی کارخانەی تەنیا لە چوارچێوەی بەرهەمهێناندا دیاری دەکرد و شێوازێکی بۆ خەبات پێشنیار دەکرد، کە دابەشکاری هەڵسورانی ناکارای دەگرتەوە - کۆمیتەکانی کارخانە لەژێر چاودێری ڕێکخراوەکەیان، لە بوارەکانی بەرهەمهێناندا درێژەیان بە چالاکییەکانیان دا؛ سۆڤیەتەکان (هەنووکە لەژێر دەسەڵاتی بۆلشەڤیکەکاندان. زۆرێک لە ئەندامانی سۆڤیەت، پێیانوابوو کە بۆلشەڤیکەکان پشتیوانی لە داخوازییەکانی کارگەران و وەرزێران و زۆرێک لە ئەندامانیتر دەکەن، بەتایبەت سەربازان، کە زیاتر پشتیوانیان لە پارتە لیبراڵترەکان کرد، شارەکانیان بەجێهێشتوو و گەڕانەوە گوندەکانیان؛ بەمجۆرە کە بۆلشەڤیکەکان زۆربەیان بەدەستهێنا) ململانێ بۆ وەرگرتنی دەسەلاتی سیاسی لە حکومەتی کاتی دەکەن؛ بۆلشەڤیکەکان چالاکی ئەم ئۆرگانانە و خەباتی پرشوبڵاوی چینی کارگەر و وەرزێران، پێکەوە گرێ دەدەن. نوێنەرانی نابۆلشەڤیک ــ و کارگەرانێک کە نوێنەرایەتییان دەکردن ــ ئەم پێشنیارە تازەیان ڕەت نەکردەوە. ئەوانەی کە پێداویستی یەکێتی لایەنە "ئابووری" و "سیاسی"یەکانی خەباتی چینایەتیان دەرک دەکرد، کەسانێکی کەمبوون.

بۆلشەڤیکەکان کە هەنووکە لەبەردەم  بەدەستەوەگرتنی "دەسەڵاتی فەرمی"دا بوون، دەستیانکرد بە داڕشتنی چۆنیەتی پتەوکردنی کۆنترۆڵیان بەسەر چینی کارگەردا. ئەوان چیتر هانی پەرەپێدانی چالاکی لەلایەن کۆمیتەکانی کارخانەوە، نەدەدا. زۆربەی کارگەران و کۆمیتەکانیان ملیان بەم پاشەکشێیە دا، لەسەر ئەو باوەڕەی کە ئەم ستراتیژییە نوێیە تەنیا شتێکی کاتییە و کاتێک کە بۆلشەڤیکەکان دەسەلاتی "سیاسی"یان بەدەستهێنا، دەسەڵاتی ئازادانە لە بواری ئابووریدا بەوان دەسپێرن.

پاش ماوەیەکی کورت، بۆلشەڤیکەکان بە جێگرتنەوەی حکومەتی کاتی بە سۆڤیەتە تەواو کۆنترۆلکراوەکان لەلایەن خۆیانەوە، لە بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسیدا سەرکەوتن. کارایی ئەم کارە لەسەر کارگەران فراوان بوو. پێیان وابوو کە ئەم شۆڕشە تازەیە چرای سەوزیان بۆ هەڵدەکا تاوەکو چالاکییەکانیان پەرەپێبدەن، لەدەست پاشماوەی سەرمایەداران خۆ ڕزگارکەن و پێکهاتەیەکی بەهێزی هاوئاهەنگی پێکبهێنن. ئی. ئێچ. کار (E. H. Carr) ئەوەی کە یەکسەرە پاش دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات ڕوویدا، ئاوا باسدەکات:

مەیلی خۆبەخۆی کارگەران بۆ ڕێکخستنی کۆمیتەکانی کارخانە و دەستێوەردان لە بەڕێوەبەرایەتی کارخانە، لەلایەن شۆڕشێکەوە پاڵی پێوەنرا، کە کارگەرانی هێنایە سەر ئەم باوەڕەی دەزگەکانی بەرهەمهێنانی ولات هی ئەوانن و دەتوانن بیانخنە ژێر ڕکێفی خۆیان و لە بەرژەوەندی خۆیان و لەلایەن خۆیانەوە بەکاربهێنرێن. ئەوەی کە پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەستی بە ڕوودان کردبوو، هەنووکە بە خێراییەکی زیاتر و ئاشکراتر ڕووی دەدا؛ بۆ ساتێکیش، هیچ شتێک نەیدەتوانی بەر کشانی شۆڕش بگرێت. [29]

یەکەمین هەوڵی کۆمیتەکانی کارخانە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سەرتاسەری (ملی) لە خۆیان، سەربەخۆ لە گشت پارت و دەزگەکان، لە سەرهەڵدانی ئەم چالاکییانەوە هاتەدەر. پێکهێنانی وەها ڕێکخراوێک هەڕەشەیەکی توند بوو بۆ بارودۆخی نوێی بۆلشەڤیکەکان، لەگەڵ ئەوەی کە ئەوانەی کە لەم کارەدا بەشدار بوون، هێشتاکە پێیانوابوو کە ڕێکخراوەکەیان تەنیا بە پرسی "ئابووری"یەوە پەیوەستە. بۆلشەڤیکەکان کە لە هەوڵی پتەوکردنی ڕێوشوێنیان بوون، دەرکیان بەوە کرد، کە دەبێت کۆمیتەکانی کارخانە لەنێو بەرن. هەنووکە ئامرازی هەستان

بەم کارەیان لەبەردەستدا بوو - شتێک کە حکومەتی کاتی نەیبوو_ بۆلشەڤیکەکان بە کۆنترۆڵکردنی سۆڤیەتەکان، هێزە نیزامییەکانیان کۆنترۆڵ کرد. زاڵبوونیان بەسەر سۆڤیەتە ناوچەیی و سەرتاسەرییەکانی کۆمیتەکانی کارخانە، ئەو توانایەی بەوان بەخشی، کە بۆ نموونە لە ڕێگەی نەدانی کەرەستەی خاوەوە، هەر کۆمیتەیەکی کارخانەیی هەڵوەشێنێتەوە و لەنێو بەرێت. یەکێتییە کارگەرییەکان کە هەنووکە بووبوونە پاشکۆی دەوڵەتی بۆلشەڤیکی و بۆ سەرکوتی کۆمیتەکانی کارخانە سوودیان لێوەرگیرا. ئیساک دۆیچەر (Isaac Deutscher)، ڕوونی دەکاتەوە، کە چۆن بۆلشەڤیکەکان سوودیان لە یەکێتییە کارگەرییەکان وەرگرت تاوەکو لە ماوەی چەند مانگی پاش شۆڕش، کۆمیتەکان بخەسێنن (لەکار بخەن):

> بۆلشەڤیکەکان لەم کاتەدا یەکێتییە کارگەرییەکان بۆ خزمەتی تایبەت بە حکومەتی سۆڤیەتی ساوا و دەستبەستنی کۆمیتەکانی کارخانە بەکاردەبرد. یەکێتییەکان لەدژی هەوڵی کۆمیتەکانی کارخانە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سەرتاسەری سەربەخۆی خۆیان، وەستانەوە. ڕێگرییان لە کۆنگرەی کۆمیتەکانی کارخانەکانی سەرتاسەری ڕوسیە، کە پێشتر لەلایەن کۆمیتەکانەوە بەرنامەڕێژی کرابوو، کرد و خوازیاری پاشڕەوی تەواوی کۆمیتەکان بۆ خۆیان بوون. بەلام کۆمیتەکان، لەوە بەهێزتر بوون کە هەروا پێکرا  خۆیان بەدەستەوە بدەن. لە کۆتایی ساڵی ١٩١٧دا سازشێک ڕوویدا، کە تێیدا کۆمیتەکان بە ڕێوشوێنی یاسایی تازەیان ڕازیبوون: دەبوو ئەوان ڕێکخراوەی بناخەیی پێکبهێنن، کە یەکێتییەکان خۆیان لەسەروان جێگیر بکەن؛ بەڵام بە هەمان پەیامی خۆسپێنەرانەوە، هەروا، بە یەکێتییەکانەوە لکێندران. بەرەبەرە کۆمیتەکان وازیان لە بەرزەفڕی کاری سەربەخۆ لە یەکێتییەکان یا دژی یەکێتییەکان، چ لە ئاستی ناوچەیی چ لە ئاستی سەرتاسەریدا، هێنا. ئیتر یەکێتییەکان بووبوونە کەناڵی بنچینەیی، کە حکومەت لە ڕێگەی وانەوە کۆنترۆڵی پێشەسازی دەکرد. [30]

کۆمەڵە کارگەرییەکان لە کارخانەکان و ناوچە جۆراوجۆرەکاندا بەرهەڵستیان کرد ( ڕاپەڕینی کرۆنشتات Kronstadt بەناوبانگترینی ئەم بەرهەڵستیانە بوو)، بەلام مۆری "دژەشۆڕش"یان پێوەنرا و لەلایەن هێزە سەربازییەکانەوە کە لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوون، سەرکوتکران. بە زووی، لەگەڵ بزووتنی بۆلشەڤیکەکان بۆ لەناوبردنی ئەگەری هەرجۆرە بەرهەڵستکارییەک لەدژی دەسەلاتیان، تەنانەت یەکێتییە کارگەرییەکانیش دەبوو لەناو ببرێن. لێرەدا کەمی بوار ڕێ لەوە دەگرێت، کە لە وردەکاریدا ڕوونیکەینەوە کە چۆن بۆلشەڤیکەکان ڕێوشوێنی خۆیان تەختکرد، بەلام گێڕانەوەی فرە هەن و تارادەیەکیش بەئاسانی بەدەست دەکەون. [31]

بە ئاوڕێک لە ڕابوردوو و ڕەوتی ڕووداوەکان، لایەنی جۆراوجۆری بەرجەستە دەبن. شۆڕش - تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی نیگەتیڤیش بێت - لەلایەن کۆمەڵێکی فراوانی وەرزێرییەوە هاتەدی. کۆمیتەکانی کارخانە نوێنەرایەتی تەنیا بەشێکی بچووک لە کۆمەڵیان دەکرد و هیچکات نەیاندەتوانی لەوەدا سەرکەوتوو بن، کە تەواوی بەرهەمهێنانی ڕوسیە بەڕێوەبەرن. بێ توانایی کارگەران لە لابردنی چاوبەستەکانیان، بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵیان تەنیا لە تێگەیشتنە سنووردارە "ئابووری"یەکاندا ببینن، شتێکی چاوەڕوانکراوبوو. بەلام ئەمە، چالاکیەکانیانی بەرتەسک کردەوە و بواری ئەوەی دا تاوەکو دەستکەوتەکانیان لەلایەن خاوەنانی دەسەلاتی "سیاسی"یەوە لەنیو ببرێن. لەلایەکیترەوە، ڕووداوەکانی ڕوسیە بە ڕوونی نیشانیاندا، کە لەژێر هەلومەرجێکی تایبەتدا جەماوەری کارگەر، توانای ئافەراندنی ڕێکخراوەکانی خۆیان بۆ خەبات، هەیە. ڕێکخراوگەلیک کە دەتوانن وەک ئامرازێک بەکاربرێن، کە بە هۆیانەوە بەرهەمهێنەران بتوانن ڕاستەوخۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان لە کارخانەکانی خۆیاندا کۆنترۆڵ بکەن. بەلام "کۆنترۆلی کارگەران" بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا لە تاکە کەرگەکاندا بەس نییە. قۆناخی دوایی، هاوئاهەنگی ئەم ڕێکخراوانە، واتە هەوڵی چینی کارگەر بۆ بەڕێوەبردنی سەراپای بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، زۆر دژوارترە. گرووپگەلی جۆراوجۆرتر بەشێوەیەکی پەیگیرانە

بەرەوپێش هەنگاو دەنێن، تاوەکو ئەم کارە بۆ چینی کارگەر ئەنجام بدەن. ئەگەر مل بەمانە بدرێت، هەوڵدەدەن تا چالاکی کارگەران کۆنترۆڵ بکەن. وەها ڕێکخراوگەلێک بە کردەوە چینی سەروەری تازەن و لە هەمان کاتدا دەبێت بەریان پێبگیرێت. بەوجۆرەی کە مارکس لە پێشەکی یەکەمین بڕیارەکانی کۆمەڵەی ئەنتەرناسیونالی یەکەمی کارگەران دا نووسی: " ڕزگاری چینە کارگەرەکان ، تەنیا بەدەستی خودی چینە کارگەرەکان دێتەدی ".

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

* Peter Rachleff پیتەر ڕاچلیف یەکێکە لە لێکۆڵەرەوە بەناوبانگەکانی بزووتنەوەی کارگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و مامۆستای مێژووە لە کۆلێجی (Macalester) لە شاری سانت پاول لە هەرێمی مینە سوتا، کە پەرتووک و نووسینی جۆراوجۆری لەمەڕ بزووتنەوە و مانگرتنە کارگەرییەکان هەیە. لە ئێستادا سەرقاڵی وتنەوەی مێژووی کارگەری، کۆچکردن، ئەفرۆ – ئەمریکاییە. ئەم نووسینەی بەردەست بۆ جاری یەکەم لە بڵاوکراوەی Radical America ژمارە ٦، خولی ٨، نۆڤەمبەر- دیسەمبەری ١٩٧٤ بڵاوکرایەوە. و. فارسی.

[1] Trotsky, 1905, pp. 38-14.

[2] Ibid., p. 81.

[3] Oskar Anweiler, Les Soviets en Russie, 1905-1921, pp. 43-47. ، وی دەنووسێت: پێکهاتنی ئەم سۆڤیەتانە لە ماوەی شۆڕشی ١٩٠٥دا بە شێوەیەکی نکوڵی هەڵنەگر نیشان دەدات، کە ئەم ئۆرگانانە لە بنەڕەتیاندا ئامانجیان بەرگری لە بەرژەوەندی کارگەران لەسەر بنەمای کارخانەکان بوو. ئەمە بەهۆی ئەوەوەیە کە کارگەران تێکۆشان تاوەکو خەباتی پرشوبڵاویان یەک بخەن و ئاراستەی بکەن، نەک ئەوەی، چونکە دەسەڵات بەدەستەوە گرتنیان لە ڕێگەی کاردانەوە سیاسییەکانەوە دەدیت، بۆیە یەکەمین سۆڤیەتەکان سەریانهەڵدا." (ل. ٤٧)

[4] هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی ٥٤- ٥٥. وی دەستنیشانی دەکات، کە لە یەکەمین چل نوێنەران، تەنیا پازدە کەسیان نوێنەری کۆمیسیۆنی شیدلۆڤسکی و ئەندامی کۆمیتەکانی مانگرتن نەبوون.

[5] Ibid., P. 57

[6] Nineteen-Seventeen, p. 39.

[7] L'An Un de la Revolution Russe, pp. 55-56.

[8] The Russian Revolution, p. 98.

[9] ئانوایلەر سەرجاوەی سەرەوە. ل ١٢٨، وی رایدەگەیێنێت، کە هیچکام لەمانە نوێنەری کارخانە نەبوون.

[10] Ibid., p. 129.

[11] Sukhanov, The Russian Revolution 1917, pp. 186-187, also quoted in Roger Rethybridge (ed.), Witnesses to the Russian Revolution, pp. 123-124. Sukhanov's recollections are corroborated by Anweiler, op. cit., and "The Political Ideology of the Petrograd Soviet in the Spring of 1917," in Richard Pipes (ed.), Revolutionary Russia; Chamberlin, The Russian Revolution, p. 109; Browder and Kerensky (eds.), The Russian Provisional Government, Volume I, p. 71; and Trotsky, History of the Russian Revolution, Volume I, pp. 216-217.

[12] Anweiler, Les Soviets en Russie, pp. 131-137, cf. also Chamberlin, op. cit., p. 84; Irakli Tseretelli (a member of the Executive Committee), "Reminiscences of the February Revolution," The Russian Review, Vol. 14, Nos. 2, 3, and 4; George Katkov, Russia 1917: The February Revolution, p. 360.

[13] Paul Avrich, The Russian Anarchists, p. 140-141.

[14] Resolution quoted in Robert V. Daniels, The Conscience of the Revolution, p. 82, cf. also, Anna Pankratova, "Les Comites d' Usines en Russie a l'Epoque de la Revolution," originally written in Russian in 1923 and reprinted in French in Autogestion, #4, December 1967, pp. 8-l0.

[15] Pankratova, ibid., p. 12, cf. also Frederick Kaplan, Bolshevik Ideology and the Ethics of Soviet Labour, p. 48.

[16] کێبڕکێی نێوان کۆمیتەکانی کارخانە و کارگەرانێک کە هەر ئەوەی کە دەیانتوانی هەڵیگرن دەیان دزی، لە زۆر ناوچەدا کۆمەکی بە بێسەرەوبەرەی (اغتشاش) ئابووری کرد.

[17] بڕیارنامەی پەسەندکراو لە پێنجەمین کۆنگرەیی کۆمیتەکانی کارخانەکانی پترۆگراد لە ٣٠ مەی، دەرهاویشتراو لە: S.O. Zagorsky, State Control of Russian Industry During the War, p. 174

[18] چەند بەشێک لە بڕیارنامەی Maurice Brinton, The Bolsheviks and Workers' Control p. 5 وەرگیراوە.

[19] Trotsky, History of the Russian Revolution, Vol. II, p. 19.

[20] Pankratova, op. cit., p. 30.

[21] Kaplan op. cit., p. 66.

[22] بە پێی وتەی کاپلان (Kaplan) بۆلشەڤیکەکان بە هۆی ترەوە جیا لە هاوئاهەنگی باشتری کارکردنی بەرهەمهێنان بەپەرۆشی پێکهێنانی سۆڤیەتی ناوەندییەوە بوون: " بۆلشەڤیکەکان وا دەردەکەوت کە خوازیاری سۆڤیەتێکی ناوەندی پتەو (محکم) بن، بۆ ئەوەی بتوانن ڕێکخراوەی کارگەری بەڕێوەبەرن کە بتوانێت پێگەیەکیان لەبەرامبەر یەکێتییە کارگەری و ڕێکخراوە ناکارگرییەکانیتر هەبێت" هەمان سەرچاوە ل٦٧.

[23]Ibid., p. 75.

[24] زۆرێک لە کارگەران دەرکیان بە ئەڵتەرناتیڤ و ئەرکەکانی بەردەمیان دەکرد. پانکراتۆڤا لە بڕیارنامەیەکەوە، کە لە کۆنفرانسی کۆمیتەکانی کارخانەکانی پیشەسازی ڕستن و چنین لە کۆتایی هاویندا پەسەندکرا، بۆمان دەگێڕێتەوە. نوێنەران لەوێدا دیتیان کە ڕێگەی بەردەمیان ئەوە بوو کە " یا مل بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان بدەن، یا بە مەترسی ئەوەی بە بەشداری چالاکانە لە بەرهەمهێنان و بەدەستەوەگرتنی بەڕێوەبەری و ئاساییکردنەوەی کار لە کۆمپانیادا، دەربکرێن." پەسەند کرد: "نە بەهۆی شێوازی بۆرۆکراتیانەوە، واتە بەهۆی پێکهێنانی دەزگەیەکەی تەواو سەرمایەداری و نە بەهۆی پشتیوانی لە سەرمایەداران و دەسەڵاتیان بەسەر بەرهەمهێناندا، ئێمە دەتوانین خۆمان لە کارەسات ڕزگار بکەین. ڕێگەی دەربازبوون تەنیا جێگیرکردنی کۆنترۆڵی واقیعی کارگەرانە." سەرچاوەی سەرەوە، ل ٤٠

[25] Quoted in Browder and Kerensky, op. cit., Vol. 11, p. 722.

[26] Pankratova, op. cit., p. 48.

[27] Kaplan, op. cit,, p, 81.

[28]Browder and Kerensky, op. cit., p, 726

[29] E.H. Carr, The Bolshevik Revolution, Vol. II p. 69. Cf. also Paul Avrich, "The Bolshevik Revolution and Workers' Control in Russian Industry," in Slavic Review, March, 1963.

[30]Deutscher, Soviet Trade Unions, p. 17.

[31] The best are: Brinton, op. cit.; Avrich, article op. cit.: Daniels, op. cit.; Leonard Schapiro, The Origin of the Communist Autocracy; James Bunyan, The Origin of Forced Labour in the Soviet Union, 1917-21; Alexandra Kollentai, The Workers Opposition; Marya Gordon, Workers Before and After Lenin; and many others.

سەرچاوەی وەرگێڕدراوە فارسییەکەی : http:www.kavoshger.org

بۆ ئەم وەرگێڕانە سوودم لە دەقە ئینگلیزییەکەی وەرگرتووە، چونکە زۆربەی ناوەکان لە زمانی فارسیدا وەک دەربڕینە ڕوسییەکەی یا ئینگلیزییەکەی نانووسرێنەوە. خوێنەران دەتوانن لەم لینەکەدا دەقە ئینگلیزییەکەی بەدەست بێنن : http://www.geocities.com/~johngray/raclef.htm